https://www.doi.org/10.31918/twejer.2031.4

e-ISSN (2617-0752)        p-ISSN (2617-0744)

# دەرهاویشتەکانی قەیرانی ئابووری لەسەر ئاسایشی کۆمەڵایەتی:

## توێژینەوەیەکی مەیدانیی کۆمەڵناسییە لە شاری هەولێر

م. ی. کارزان حسن عبدالرحمن

قوتابیی دکتۆرا لە زانکۆی سەلاحەددین- کۆلێژی ئاداب

karzan.abdulrahman@soran.edu.iq

پ. د. تاهیر حسۆ زێباری

زانکۆیسەلاحەددین- کۆلێژی ئاداب

tahir.zebari@su.edu.krd

**پوختە:**

لەم سەردەمەدا قەیرانە ئابوورییەکان بوونەتە دیاردەیەکی جیهانی و وەکو پەتایەکی مەترسیدار دووچاری ئابووریی جیهانی و بازاڕی دارایی نێودەوڵەتی و ناوخۆیی بوونەتەوە، بوونەتە هۆی سستبوونی گەشەی ئابووری و سەرهەڵدانی گرفتە کۆمەڵایەتییەکان. قەیرانە ئابوورییەکان بەیەکێک لە هەڕەشە مەترسیدارەکانی سەر ئاسایشی کۆمەڵایەتی دەژمێردرێن، چونکە قەیرانەکان دەبنە هۆی تێکدانی سەقامگیری و خۆشگوزەرانیی کۆمەڵگا، کە جەوهەری ئاسایشی کۆمەڵایەتییە.

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە، دەستنیشانکردنی دەرهاویشتەکانی قەیرانی ئابوورییە لەسەر ئاسایشی کۆمەڵایەتی، لە بوارەکانی (کۆمەڵایەتی، پەروەردەیی، تەندروستی)؛ ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی چەندایەتییە و میتۆدی بەکارهاتوو بریتییە لە میتۆدی وەسفیی شیکاری، هەروەها قەبارەی نموونەکە پێکهاتووە لە (384) فەرمانبەری حکومی لە شاری هەولێر.

لەم توێژینەوەیەدا، دەرکەوتووە کە قەیرانی ئابووری کۆمەڵێک دەرهاویشتەی نەرێنی لە بواری کۆمەڵایەتیدا هەبووە، ئەم قەیرانە بۆتە هۆی زیادکردنی گرفتە کۆمەڵایەتییەکانی وەک (تاوان، هەژاری، بێکاری، توندوتیژی، لێکجیابوونەوە). لە بواری پەروەردەشدا، بۆتە هۆی لاوازبوونی پرۆسەی پەروەردە و دابڕانی قوتابی و مامۆستا لە قوتابخانەکان. لە بواری تەندروستیدا، هەڕەشە بووە لەسەر گیانی نەخۆش لە کەمکردنەوەی دەرمان و پێداویستییە تەندروستییەکان، لەهەمانکاتدا هەڕەشە بووە لەسەر ئاسایشی خۆراک و ژینگە.

**وشە کلیلییەکان:** قەیران، قەیرانی ئابووری، ئاسایش، ئاسایشی کۆمەڵایەتی

## دەرهاویشتەکانی قەیرانی ئابووری لەسەر ئاسایشی کۆمەڵایەتی:

## توێژینەوەیەکی مەیدانیی کۆمەڵناسییە لە شاری هەولێر

### پێشەکی

ئاسایشـــی کـــۆمەڵایەتی هەم ئامـــانجە و هەم ئـــامراز، واتە هـــەموو کۆمـەڵگاکان لە هەوڵ و کۆششـدان لە پێنـاوی دەسـتەبەرکردنی ئاسایشـی کۆمەڵایەتی وەکو ئامانجێک، لەهەمانکاتدا ئامرازێکیشـە بۆ گەشـەپێدان و خۆشگوزەرانی کۆمەڵایـەتی. لەم سـەردەمەدا نەتـەوەکان تێگەیشـتوون، کە پێشکەوتن و سـەقامگیری بەبێ بـوونی ئاسـایش ئەسـتەمە و دركیـان بـە گرنگی و مەترسییەکانی ئاسایش و ئاسایشی کۆمەڵایەتی کردووە، یەکێک لە مەترسییە گەورەکانی سەر ئاسایشی کۆمەڵایەتی قەیرانە ئابوورییەکانە لە هەموو کۆمەڵگایەکدا.

لەساڵی (2014) سەرەتاکانی قەیرانی ئابووری لە هەرێم دەرکەوت و بەهـۆی وەسـتانی مـووچەی فەرمـانبەران قووڵتر بـووەوە، هەروەهـا بـووە هۆی ئەوەی حکومەتی هەرێم دووچـاری بـارودۆخێکی ئـابووریی سـەخت ببێتەوە و قەرزەکانی گەیشتە (22) ملیار دۆلار (عمران، 2016).

ئەم قەیرانە کۆمەڵگای دووچاری بارودۆخێکی سـەخت و نـەخوازراو کـــردەوە، لە زیـــادکردنی گـــرفتە کۆمەڵایەتییەکـــان و هەڕەشـــە و مەترسییەکانی سەر ئاسایشی کۆمەڵایەتی. چونکە تێکچوونی باری دارایی و ئـابووری لە کۆمــەڵگادا، ڕەنگـدانەوەی نەرێنیـی گەورەی هەیە لەســەر ســەقامگیری و هاوســەنگیی تەواوی سیســتەمەکان. لەم تــوێژینەوەیەدا هەوڵــدراوە، دەستنیشــانی دەرهاویشــتەکانی قەیرانــی ئــابووری لەســەر ئاسایشی کۆمەڵایەتی بکرێت. جێگەی ئاماژەیە ئەم تـوێژینەوەیە سـەرەڕای پێشـــەکی چەنـد تەوەرەیەکـــی ســـەرەکی لەخۆدەگرێـــت کە بـــریتین لە:-

(چوارچێوەی گشتیی توێژینەوە، هەڕەشەکانی سەر ئاسایشی کۆمەڵایەتی، دەرهاویشتەکانی قەیرانی ئابووری لەسەر ئاسایشی کۆمەڵایەتی، میتۆدۆلۆژیا و ڕێکارە مەیدانییەکانی توێژینەوە، خستنەڕووی زانیارییە گشتییەکانی نموونەی توێژینەوە، خستنەڕوو و گفتوگۆی ئامانجەکانی توێژینەوەکە، ئەنجامەکانی توێژینەوە، دەرئەنجامەکانی توێژینەوە، پێشنیازەکان، ڕاسپاردەکانی توێژینەوە).

**تەوەرەکانی توێژینەوەکە:-**

**تەوەرەی یەکەم: چوارچێوەی گشتیی توێژینەوە**

**1- گرفتی توێژینەوە**

هەرێمی کوردستان لەدوای ساڵی (2014) وە دووچاری قەیرانی ئابووری بووەتەوە و هاوڵاتییان بە گشتی و فەرمانبەران بەتایبەتی لە بارودۆخێکی سەختی داراییدا دەژین و بارودۆخێکی نەخوازراوی دروستکردووە لەسەر سەرجەم بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی، چونکە ئاسایشی ئابووری پەیوەندییەکی بەهێزی هەیە لەگەڵ ئاسایشی کۆمەڵایەتی، واتە تێکچوونی باری ئابووری لە کۆمەڵگا ڕەنگدانەوەی نەرێنیی گەورەی لەسەر ئاسایشی کۆمەڵایەتی هەیە.

لەم ڕۆژگارەدا قەیرانە ئابوورییەکان بوونەتە بەشێک لە ژیانی نەتەوە و میللەتان، لە هەمانکاتدا، ڕەنگدانەوەی ڕاستەوخۆی لەسەر هەموو پێکهاتەکانی کۆمەڵگا بە خێزان و تاکەوە هەیە. ( اللحیدان،2010)

"حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕووبەڕووی خراپترین قەیرانی دارایی بووەتەوە لەبەر چەند هۆکارێکی جیاواز، ئەم هۆکارانەش بریتین لە بڕینی ڕێژەی (17%)ی بودجەی حکومەتی هەرێم لەلایەن حکومەتی فیدڕاڵەوە لە مانگی کانوونی دووەمی ساڵی (2014) و تێچووی زۆری شەڕی

داعش و بارگرانیی دارایی ئاوارە و پەنابەران لەسەر کەرتی گشتی، کە ساڵانە بە (1.8) ملیار دۆلار دەخەملێندرێت، هەروەها دابەزینی نرخی نەوت کە ڕێژەی (90%) داهاتی حکومەت پێکدەهێنێت، بەمەش حکومەت ڕووبەڕووی گەورەترین کێشەی دارایی بووەتەوە بۆ دابینکردنی مووچەی فەرمانبەرانی کەرتی گشتی و دابینکردنی پارەی تەرخانکراو بەمەبەستی دابینکردنی خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان" (ڕاپۆرتی ناوەندی هاوبەشی قەیرانەکانی وەزارەتی ناوخۆی هەرێم، 2016 :1).

## 2- گرنگیی توێژینەوە

ئەم توێژینەوەیە تیشک دەخاتە سەر بابەتێکی زیندوو و پەیوەستدار بە هەموو تاکەکانی کۆمەڵگاوە کە قەیرانی ئابوورییە؛ هەروەها هەوڵدانە بۆ دەرخستنی گرنگترین دەرهاویشتەکانی قەیرانی ئابووری لەسەر ئاسایشی کۆمەڵایەتی لە شاری هەولێر، بە پشتبەستن بە ڕێکارە میتۆدییەکان و خستنەڕووی ڕاسپاردە و تێڕوانینی گونجاو، کە بە دەستهاتوون لەسەر بنەمای ئەنجامەکان لەمەڕ واقعی بابەتەکە بۆ چارەسەرکردنی قەیرانەکان و ئاسەوارە نەرێنییەکان بۆ لایەنی پەیوەندیدار بە ئامانجی سوود وەرگرتن و جێبەجێکردنیان لە واقعدا.

## 3- ئامانجەکانی توێژینەوە

زانین و دەستنیشانکردنی دەرهاویشتە نەرێنییەکانی قەیرانی ئابووری لەسەر ئاسایشی کۆمەڵایەتی لە بوارەکانی (کۆمەڵایەتی، پەروەردەیی و تەندروستی) لە ڕوانگەی فەرمانبەرانەوە.

دیاریکردنی جیاوازیی ئاماری لەنێوان قەیرانی ئابووری و بوارەکانی ئاسایشی کۆمەڵایەتی (کۆمەڵایەتی، پەروەردەیی و تەندروستی) بەپێی گۆڕاوەکانی (ڕەگەز، شوێنی کار، داهاتی مانگانە).

## 4- پرسیارەکانی توێژینەوە

ئایا گرنگترین دەرهاویشتە نەرێنییەکانی قەیرانی ئابووری لەسەر ئاسایشی کۆمەڵایەتی لە بوارەکانی (کۆمەڵایەتی، پەروەردەیی و تەندروستی)دا لە ڕوانگەی فەرمانبەرانەوە چین؟

ئایا جیاوازیی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان گۆڕاوەکان و تەوەرەکانی توێژینەوەکەدا هەیە؟

## ٥- چەمکە سەرەکییەکانی توێژینەوە

### یەکەم:- قەیرانی ئابووری (Economical Crisis)

لە ڕووی زمانییەوە:- لە فەرهەنگەکانی زمانی عەرەبی قەیران (ازمة) بە واتای سەختی و قاتوقڕی و برسێتی (الشدة و القحط) دێت (مجمع اللغة العربية،2004: 16). لە فەرهەنگی ئۆکسفۆردی ئینگلیزیش (crisis) بە چەند واتایەک هاتووە: 1- خاڵی وەرچەرخان. 2- قەیران. 3- قۆناغێکی مەترسیدار و خاڵێکی سەخت و ئاڵۆزبوون (Oxford Dictionary, 1984:16).

"قەیرانی ئابووری بریتییە لە شڵەژانێکی توند لە سازدان و ڕاییکردنی کاروبارە داراییەکانی دەوڵەت، کە پێویستی بە توانایەکی فراوان هەیە بۆ لابردن و دووبارە گەڕاندنەوەی بارودۆخەکە بۆ جێگیری و ڕاستەڕێبوون، مەبەست لە قەیرانی ئابووری تەنها کەموکورییەکی سادە نییە لە کاروباری داراییدا، کە بتواندرێت بە ئامرازی ئاسایی وەکو کەموکورییەکانی تر کە پێشبینیدەکرێت ڕووبدات لە کاروبارەکانی ژیاندا، چارەسەر بکرێت" (ابوالرشتە، 2:1990).

له پێناسـەیەکی تردا "قـەیرانی ئـابووری گوزارشـتە لـەو ماوەیـەی کـە ڕێـڕەوی گەشـەی ئـابووری دەپچڕێـت و دەبێتـە هـۆی لەدەسـتدانی ڕێکخستنی ئابووری کە کۆمەڵێک شێوە لەخۆدەگرێت، وەکو هەرەسـهێنانی بازاڕی دارایی، زۆربوونی باجەکان و بێکاری" (ابراهیم، 2007:111).

"قـەیرانی ئـابووری بـە واتـای شـڵەژانێکی تونـدە لـە ڕاییکـردن و بەڕێوەبردنی کاروباری دارایی دەوڵەت کە پێویستی بە توانایەکی فراوان هەیە، بۆ لابردن و گێڕانەوەی بارودۆخەکە بۆ جێگیری و ئاساییکردنەوە" (الصمادي، 2010: 3). له پێناسەیەکی ڕێکاریدا: قەیرانی ئابووری بریتییە لـە بـارودۆخێکی ئـابووری نالـەبار و نـەخوازراو کە دووچـاری ئـابووریی کۆمـەڵگا دەبێتـەوە، لـە ئـەنجامی هەرەسـهێنان و داتـەپینی سـەرچاوە داراییـەکان و لاوازبـوونی چالاکییـە ئابوورییـەکان، ڕەنگدانەوەی نەرێنیـی لەسەر سەرجەم سێکتەر و بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی دەبێت.

## دووەم:- ئاسایشی کۆمەڵایەتی (Social Security )

له ڕووی زمانییەوە:- له زمانی عەرەبیدا " ئاسایش (الأمن) به واتـای ئاسـوودەیی و ئـۆقرەیی دەروون دێـت و دژ یـاخود پێچەوانـەی ترسـە" (مجمع اللغـة العربيـة،٢٠٠٤: ٢٨). لەلایـەکی ترەوە، لـە فەرهـەنگی ئینگلیـزی (The American Heritage Dictionary) چـەمکی ئاسـایش بەچەند مانایـەک هـاتووە:- .( Editors of the American Heritage Dictionaries, 1994: 6502)

1. ئازادبوون له ترس یان مەترسی، واته سەلامەتی.
2. ئازادبوون له گومان، دڵەراوکێ و ترس، واته متمانه.
3. هەر شتێک کە سـەلامەتی مسـۆگەر بکـات، یـان سـەلامەتی فەراهەم بکات.

"ئاسایشی کۆمەڵایەتی هەموو بوارەکانی ژیان دەگرێتەوە کە مرۆڤ گرنگیان پێدەدات، ئاسایشی کۆمەڵایەتی ئاستی بژێویی ژیان و بواری ئابووری و سەقامگیری ژیانی هاوڵاتییان دەگرێتەوە، لە ڕووی هەستکردن بەوەی کە ئاسایشی کۆمەڵایەتی کۆڵەگەیەکی جێگیر و سەرەکییە لە کۆمەڵگاکانیان و هەروەها بوون و کیانیان دەپارێزێت و پەیوەستیان دەکات بە خاک و نیشتمانەوە، سەقامگیری لە ژیانی تاک هۆکارێکی پێویستە بۆ پارێزگاریکردن لە هاوسەنگیی سۆزی و دەروونی" (العوجي و عبيد،71:1983).

لەلایەکی ترەوە، ئاسایشی کۆمەڵایەتی بە شێوەیەکی گشتگیرتر و هەمەلایەنتر پێناسەکراوە بەوەی گوزارشتە "لە هەموو ئەو ڕێکار و بەرنامە و پلانانەی کە گرنگن بۆ پاراستنی پێنج پێداویستی (ئاین، دەروون، ناموس (العرض)، عەقڵ و سامان) بۆ تاکەکانی کۆمەڵگا و دەستدرێژینەکردن بۆ سەر هەریەکێکیان بە هەر شێوازێک، هەروەها دەستدرێژینەکردن لەسەر گیان و سەروەت و سامانیان و پاراستنی هەستی تاکەکان لە ترس و ڕەخساندنی ئاسوودەیی، داننان بەبوون و ڕۆڵ و پێگە و ئازادییان لە ناو کۆمەڵگا، بۆ ئەوەی دەستەبەری ئاسایشی کۆمەڵایەتی و دەروونیان بۆ بکرێت و ئینجا دادپەروەریی کۆمەڵایەتییان بۆ فەراهەم بکرێت" ( القرني،2009: 53).

"ئاسایشی کۆمەڵایەتی و ئابووری گوزارشتە لە دۆخێک کە تیایدا هاوڵاتییان هەست بەوە دەکەن، کە دامودەزگا فەرمییەکانی دەوڵەت پێداویستییە سەرەکییەکانیان لە بواری سەرچاوە داراییەکان و دەرفەتی کار و خانوو و تەندروستی و پەروەردە بۆ دابیندەکات، بە مەرجێک ئەم پێداویستییانە گونجاو بن و بەگوێرەی داهاتی خێزان بێت، هەروەها ڕەخساندنی دەرفەتی کار و خزمەتگوزارییەکانی چاودێریی تەندروستی و پەروەردەیی بۆ هەموو هاوڵاتییان و مسۆگەرکردنی ئەو پێداویستییانە لە

کــــاتی ڕوودانــــــی هەر گۆڕانێـــــک کە لە کۆمەڵگـــــادا ڕووبـــــدات" (البلتاجي،30:2016).

بەپێی ئەم پێناسەیە، بەرپرسیاریەتی دەستەبەرکردنی ئاسایشی کۆمەڵایەتی و ئابووری تەنها ئەرک و کاری دەوڵەتە، بەڵام دەتوانین بڵێین ئاسایشی کۆمەڵایەتی بەرپرسیاریەتی هەموو چین و توێژەکانە لە کۆمەڵگــــادا، واتە حکـــــومەت و هاوڵاتییــــــان و ڕێکخـــــــراوە ناحکومییەکـــانیش ڕۆڵ و بەرپرســــیاریەتییان لە دەســــتەبەرکردنی ئاسایشی کۆمەڵایەتیدا هەیە.

کەواتە ئاسایشــی کۆمەڵایــەتی دۆخێکــی کۆمەڵایــەتییە، کــە تیایــدا هاوڵاتییـان هەست بە پارێزراوی و تێرکردنی پێداویستییەکانیان دەکەن، واتـە دۆخێکـە دوورە لـە هـەر هەڕەشـە و مەترسـییەکی دەرەکـی یـاخود نـاوخۆیی، کە سەلامەتیی گیانی و دەروونی و مـاددیی هاوڵاتییان بخاتـە ژێــر مەترســییەوە، لەوانەش گرفــت و قەیرانــە کۆمەڵایــەتی، ئــابووری و سیاسییەکان.

**تەوەرەی دووەم:- هەڕەشەکانی سەر ئاسایشی کۆمەڵایەتی**

دەتـــوانین دیـــارترین و کاریگــەرترین ئــەو هۆکـــار و مەترســـییانە دەستنیشان بکەین کە هەڕەشە و لەمپەرن لە بەردەم بەدیهێنانی ئاسایشی کۆمەڵایەتی:-

**گرفتـــە کۆمەڵایەتییـــەکان ( Social Problems)**:- گرفتـــە کۆمەڵایەتییـــەکان بـــە دیـــاردەی کۆمەڵایـــەتی پێناســـە دەکـــرێن و بـــە کەموکوڕییـــەکی دیـــاریکراو دادەنـــرێن لـــە سیســـتەمی کۆمەڵایـــەتیی کـارپێکراودا، کاریگـەریی لـەسـەر جێگیریـی کۆمـەڵگا هەیـە و هەڕەشـە لـە بەردەوامبوونی دەکات (الساري و زكريا، 2004: 15). هەوڵدەدەین ئاماژە

بە کاریگەرترین ئەو گرفتە کۆمەڵایەتییانە بکەین کە هەڕەشەن لەسەر ئاسایشی کۆمەڵایەتی:-

**یەکەم:- هەژاری (Poverty):-** (Odekon) لە پەرتووکی (Encyclopedia of World Poverty) باوەڕی وایە هەژاری بە شێوەیەکی گشتی بریتییە لە نەبوون و بێبەشبوونی تاک لە خۆراک و خانوو و جلوبەرگ و چاودێریی تەندروستی و کاڵا سەرەکییەکانی تر کە پێویستن بۆ ئاستێکی خۆشگوزەرانیی باش (Odekon, 2006:1).

"هەژاری هۆکارێکی یارمەتیدەرە بۆ لێکترازانی خێزان، مەترسییە و هەڕەشەیە لەسەر ئاسایشی کۆمەڵایەتی، هەژاری بەرهەمی خراپ دابەشکردنی سەروەت و داهاتە لەناو کۆمەڵگادا" (حنونة،116:2013). کەواتە لەم ڕێگەیەوە دەگەینە دەرئەنجامێک، کە هەژاری هۆکارە بۆ دروستکردنی ناسەقامگیریی دەروونی، کۆمەڵایەتی و خێزانی، ئەمەش ڕەنگدانەوەی نەرێنی دەبێت لەسەر ئەرک و چالاکیی کۆڵەگە سەرەکییەکانی بەهێزکردنی ئاسایشی کۆمەڵایەتی، واتە دەبێتە هەڕەشە و مەترسی لەسەر دەستەبەرکردن و هێنانەدیی ئاسایشی کۆمەڵایەتی.

دووەم : بێکاری (Unemployment) :- گرفتی بێکاری یەکێکە لە هۆکارەکانی ئەو تاوانانەی کە ڕۆژانە لەلایەن تاکەکانەوە ئەنجامدەدرێت، چونکە بەهۆی بێکارییەوە کەسە بێکارەکان ڕووبەڕووی گرفتی دەروونی و دەمارگیری دەبنەوە، تاوانەکانی دزین و کوشتن، ڕەنگە ڕیشەکەی بۆ بێکاری بگەڕێتەوە (عبدالرحمن و موسی،2014 : 127).

( العتیبی، 2006: 50) لە تویژینەوەکەیدا گەیشتۆتە چەند دەرئەنجامێک لە بارەی کاریگەریی بێکاری بە ئاسایشی کۆمەڵایەتییەوە کە بریتین لە:-

گرنگترین کاریگەرییەکانی بێکاری لەسەر ئاسایشی کۆمەڵایەتی بریتییە لە لێکترازانی خێزانی، لاوازبوونی پێکبەستە کۆمەڵایەتییەکان، زیادبوونی کۆچی ناوخۆیی و دەرەکی و نەمانی پەیوەندی و پێکبەستی نێوان تاک و کۆمەڵگا.

گرنگترین کاریگەرییەکانی بێکاری لەسەر تاوان: زیادبوونی ڕێژەی تاوان و ڕەفتاری لادراو بە شێوەیەکی گشتی، زیادبوونی ڕێژەی تاوانەکانی دەستدرێژی بۆ سەر سامان، زیادبوونی ڕێژەی تاوانەکانی دەرچوون لە سیستەمی گشتی.

کەواتە بێکاری وەکو گرفتێکی کۆمەڵایەتی، هەوێنی زۆرێک لە گرفتە کۆمەڵایەتییەکانی تریشە و هەڕەشەیەکی مەترسیدارە لەسەر ئاسایشی کۆمەڵایەتی.

**سێیەم: جیابوونەوە (Divorce):-** "جیابوونەوە یەکێکە لە مەترسیداترین دیاردە کە دووچاری هەموو کۆمەڵگایەک دەبێتەوە لە جیهاندا، هۆکارێکی جەوهەرییە لە ڕووخاندنی کۆڵەگەکانی خێزان و پەرشوبڵاوکردنی تاکەکان، ئەمەش کەموکوڕییەکی گەورە لە سیستەمی کۆمەڵایەتی دروستدەکات، کە لەسەر یەکگرتوویی و یەکخستنی خێزان بەندە، بەو پێیەی بە شێوەیەکی گشتی خێزان ناوکی یەکەمە لە کۆمەڵگای مرۆییدا" (علی و محمد، 2016: 447).

دەتوانین پەیوەندی جیابوونەوە بە ئاسایشی کۆمەڵایەتی و کاریگەرییەکانی لەسەر ئاسایشی کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی کاریگەرییەکانی جیابوونەوە لەسەر خێزان و کۆمەڵگا دەستنیشانبکەین، بۆ نموونە پەیوەندیی جیابوونەوە بە تاوان و لادانەوە بەهێزە، لەم بارەیەوە (الشاذلي) باوەڕی وایە لێکترازانی خێزان بە نەبوونی باوک یان دایک بەهەر هۆکارێک لە هۆکارەکان یان ڕوودانی جیابوونەوەی منداڵ لە

دایکی، کاریگەریی نەرێنی هەیە و دەبێتە پاڵنەرێک بۆ لادان یان تاوان، چونکە توێژینەوەکان ئاماژە بە پەیوەندییەکی ئەرێنی دەکەن لە نێوان جیابوونەوە و تاوانی منداڵ (الشاذلي،2009: 254).

**چوارەم: تاوان (Crime):-** "تاوان بریتییە لە هەر ڕەفتارێکی دەرەکیی نەرێنـــی کە لەلایەن مرۆڤێکـــی بەرپـــرس ئەنجامـــدرابێت و یاســـاش قەدەغەیکردبێت و سزاشی بۆ دانابێت" (الخلف و الشاوي، 178:2009). تاوانەکان بە گشتی کاریگەرییەکی گەورەیان لەسەر لە بڵاوکردنەوەی ترس و دروستکردنی کەشێکی ناسەقامگیر و نادڵنیایی هەیە ، کە تیایدا هاوڵاتییان هەست بە سەلامەتیی گیان و سەروەت و سامانیان نەکەن، ئەم بارودۆخانەش بە واتای لە باربردنی ئاسایشی کۆمەڵایەتی دێت.

**پێـنجەم: مـاددە هۆشـبەرەکان (Drug):-** لە فەرهـەنگی (شـامل)ی چەمکـــەکانی زانســـتە کۆمەڵایەتییـــەکان "مـــاددە هۆشـــبەرەکان بەوە پێناسـەکراوە کە هـەموو مادەیـەکی خـاو یـان ئامـادەکراو کـە کاریگـەریی وروژێنەر یان بێهۆشکەریان هەیە و دەبێتە هۆی ئالوودەبوون، ئەمەش زیـان بـە تـاک و کۆمـەڵگا دەگەیـەنێت، ئەگـەر هـاتوو بۆ هەر مەبەسـتێک بەکاربهێدرێت جگە لە پزیشکی و پیشەسازی" (صالح،1999: 174).

کاتێک بەکارهێنان و بازرگانیکردن بە ماددە هۆشبەرەکان لە هەر کۆمەڵگایەکدا بڵاودەبێتەوە، ئەوا ئەو کۆمەڵگایە هۆکارەکانی پێکبەستی کۆمەڵایـــەتی لـــە دەســـتدەدات و هۆکارەکـــانی نـــاکۆکی و ململانـــێ و جیاوازییـەکان دەبێتـە جێگـرەوەی، ئـەم هۆکارانـەش ڕۆڵیـان لـە نـەبوونی پێکبەسـتە کۆمەڵایەتییـەکان هەیـە، یـان لێکترازانـی کۆمەڵایـەتی، ئەمـەش یەکسانە بە هۆکارەکانی لێکترازانی خێزانی، هەموومان دەرئەنجامە خراپ و مەترسـیدارەکانی لێکترازانـی خێزانـی لەسـەر تـاک و خێـزان دەزانـین، بەمـەش بـەکارهێنانی مـاددە هۆشـبەرەکان دەبێتـە یـەکێک لـە هۆکارەکـانی

هەڕەشەکردن لەسەر ئاسایشی کۆمەڵایەتی و یەکێکە لە بەربەستەکانی بەدیهێنانی ئاسایشی گشتی ( طالب،2009 : 3).

**شەشەم: توندوتیژی(Violence):-** "توندوتیژی بریتییە لە بەکارهێنانی فشار یان هێز، بەکارهێنانێک کە ناڕەوا و نادروست بێت یاخود لەگەڵ یاسا یەکنەگرێتەوە و کاریگەریی هەبێت لەسەر ویستی تاک" (بدوی، 441:1982). "توندوتیژی بەهۆی هۆکاری جۆراوجۆر و بە شێوەیەکی دیار لە کۆمەڵگاکان زیاد دەبێت، کە هەندێکیان کۆمەڵایەتین و پەیوەستن بە بارودۆخی کۆمەڵایەتی و هەندێکیان کولتوورین و پەیوەستن بە دابونەریت و بەها باوەکان لە کۆمەڵگا، هەروەها هەندێکی تریان پەیوەستن بە بارودۆخی ئابووریی کۆمەڵگا" (الكعبي،2013: 248).

کەواتە توندوتیژی گرفتێکی کۆمەڵایەتیی مەترسیدارە لەسەر هەنگاوەکانی گەشەپێدان و سەقامگیریی کۆمەڵگا و هەڕەشەیە لەسەر ئاسایشی کۆمەڵایەتی.

## 2- قەیرانە ئابوورییەکان (Economical Crisis)

"ئەو قەیرانە ئابوورییە گەورەیەی کە جیهان بەخۆیەوە بینی لە سییەکانی سەدەی بیست، بووە هۆی سەرهەڵدانی گرفتی کۆمەڵایەتی و ئابووری بۆ ملیۆنان خەڵک، لە ڕووی نەدۆزینەوەی کار تا بەهۆیەوە بژین، سەرەڕای شارەزایی و زانیاری و دەستکەوتە زانستییەکانیان؛ ئەمەش بووە هۆی سەرهەڵدانی بێکارییەکی زۆر و لاوازبوونی کۆنترۆڵی پێوەر و بەها کۆمەڵایەتییەکان لەناو کۆمەڵگا، هەروەها بووە هۆی بەرزبوونەوەی ڕێژەی خەمۆکی و نەخۆشییە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکان بۆ ئاستێک کە دامودەزگا پیشەسازی و بازرگانی و

داراییەکان نەیانتوانی گرفتەکانی ئەم قەیرانە کۆنترۆڵ بکەن" (عمر، 2005: 98).

دۆرکایم باوەڕی وایە قەیرانە ئابوورییەکان و گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییە لەناکاوەکان، کە ڕوودەدەن لەناو کۆمەڵگا، دەبنە هۆی شڵەژانە کۆمەڵایەتییەکان و لەدەستدانی داب و بەهاکان (الزواهرة،2009: 140). واتە بارێک دروستدەبێت کە پێی دەگوترێت (الأنومي-Anomie *) (اللامعيارية) ئەمەش بیرۆکەیەکی سەرەکییە، کە لە تیۆری کۆمەڵناسیی دۆرکایم، بەکارهاتووە وەکو ئامرازێکی تیۆری بۆ شیکردنەوەی لادان و تێگەیشتن لە ڕەفتاری مرۆڤ بە شێوەیەکی گشتی (البياتي،2011: 126).

کەواتە قەیرانە ئابوورییەکان هۆکارێکن بۆ دروستبوونی ئەو بارە نەخوازراوەی کە دۆرکایم باسی دەکات، واتە جۆرێک لە شڵەژانی سیستەم و لەدەستدانی بەها و پێوەرەکان ڕوودەدەن، ئەم بارودۆخەش هەوێنی دروستبوونی ناسەقامگیریی کۆمەڵایەتییە لە کۆمەڵگادا، بەمانایەکی تر هەڕەشەیەکی گەورەیە لەسەر ئاسایشی کۆمەڵایەتی.

## تەوەرەی سێیەم: دەرهاویشتەکانی قەیرانی ئابووری لەسەر ئاسایشی کۆمەڵایەتی

قەیرانە ئابوورییەکان لە هەر کۆمەڵگایەدا، هەوێنی بارودۆخێکی نەخوازراون لە زۆربەی بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیدا، دەتوانین دەرهاویشتەکانی قەیرانی ئابووری لە شاری هەولێر لەم بوارانەی خوارەوە دەستنیشانبکەین:-

## یەکەم: بواری کۆمەڵایەتی

لە بـــواری کۆمەڵایەتیـــدا قەیرانـــی ئـــابووری هۆکارێـــک بـــووە بـــۆ زیـادبوونی کۆمەڵێـک گرفتـی کـۆمەڵایەتی، کە هەڕەشــە و مەترسـییەکی گەورەن لەسەر ئاسایشی کۆمەڵایەتی وەکو:-

**١ جیابوونەوە:**- بەپێی ئامار و داتا فەرمییەکان، جیابوونەوە وەکو گرفتێک ڕێژەکەی بەرەو هەڵکشان ڕۆیشتووە لە کاتی قەیرانی ئابووریدا لە ماوەی ساڵانی (2014-2017).

خشتەی (1) **

ڕێژەی جیابوونەوە لە شاری هەولێر (2012-2017)

| جۆر / ساڵ | 2012 | 2013 | 2014 | 2015 | 2016 | 2017 |
|---|---|---|---|---|---|---|
| جیابوونەوە | 2144 | 2029 | 10644 | 4128 | 10735 | 1976 |

بەپێی خشتەی (1) ڕوون دەبێتەوە کە ڕێژەی جیابوونەوە لە ماوەی پێش قەیرانی ئابووری لە شاری هەولێر (2012-2013) بریتییە لە (2144-2029) جیابوونەوە، بەڵام لەگەڵ سەرهەڵدانی قەیرانی ئابووری ئەم ڕێژەیە ڕوو لە هەڵکشان بووە بە جۆرێک کە لە ساڵانی (2014-2015-2016) لەگەڵ سەختبوونی قەیرانەکەدا، جیابوونەوە زۆر زیادتر بووە، ڕێژەکە بەڕیزبەندی بریتییە لە (10644- 4128- 10735). بەڵام لەساڵی (2017)دا ڕێژەکە دابەزیوە بۆ (1976). بێگومان زیادبوونی ڕێژەی جیابوونەوە مەترسییە لەسەر ئاسایشی کۆمەڵایەتی.

**٢ مادده هۆشبەرەکان:** مادده هۆشـبەرەکان پەتایەکی گەورەیە و بە یەکێـک لە هەڕەشــە گەورەکـانی ســەر ئاسایشــی کـۆمەڵایەتی لە قەڵەم دەدرێت، لەخشتەی (2) ڕوونکراوەتەوە.

خشتەی (2) ***

ڕێژەی ئاڵوودەبوون و بازرگانیکردن بە ماددە هۆشبەرەکان لە شاری هەولێر

| جۆر / ساڵ | 2012 | 2013 | 2014 | 2015 | 2016 | 2017 |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ئاڵوودەبوون و بازرگانیکردن | 63 | 128 | 199 | 540 | 533 | 569 |

بەپێی خشتەی (2) بۆمان دەردەکەوێت کە ڕێژەی بازرگانیکردن و ئاڵوودەبوون بە ماددە هۆشبەرەکان لە ماوەی ساڵانی پێش قەیرانی ئابووری زۆر کەمتربووە بە بەراورد بە ساڵانی قەیرانی ئابووری، ئەم ئامارانەش بەپێی وتەی (مقدەم بەختیار) بەرپرسی بانقی زانیاریی نەهێشتنی ماددە هۆشبەرەکان، گوزارشتە لە ڕێژەی بازرگان و ئاڵوودەبووان بە تێکەڵی لە (15%)ی ڕێژەکان بازرگانیکردن و (85%)ی ئاڵوودەبووان. لە ماوەی ساڵانی پێش قەیران (2012-2013) ڕێژەکە کەمبووە، بە جۆرێک بریتیبووە لە (63-128)، بەڵام لەماوەی ساڵانی قەیرانی ئابووری، ساڵ لە دوای ساڵ ئەم ڕێژەیە لە هەڵکشانبووە، بە جۆرێک لە ساڵانی (2014-2015-2016-2017) ڕێژەکە بەڕیزبەندی بریتیبووە لە (199-540-533-569). ئەم زیادبوونە زۆرەش هۆکاری جۆراوجۆری لە دواوەیە، یەکێک لەو هۆکارانەش قەیرانی ئابوورییە.

**٣ تاوانەکان:** لە هەموو کۆمەڵگایەکدا تاوانەکان بە هۆکاری جیاواز بوونیان هەیە، بوونی قەیرانە ئابووری و داراییەکان وەکو بارودۆخێکی نەخوازراو پەیوەندییەکی بەهێزی بە زیادبوونی ڕێژەی تاوانەکان هەیە، بەتایبەت ئەو تاوانانەی کە ڕەهەندێکی ئابوورییان هەیە، وەک لە خشتەی (3)دا ڕوونکراوەتەوە.

خشتەی (3) ****

ڕێژەی تاوانەکان لە شاری هەولێر (2012-2017)

| سالٌ / تاوانەکان | 2012 | 2013 | 2014 | 2015 | 2016 | 2017 |
|---|---|---|---|---|---|---|
| دزیکردن | 552 | 525 | 634 | 721 | 634 | 736 |
| کوشتن | 22 | 25 | 26 | 17 | 18 | 35 |
| تاوانی جۆراوجۆر ***** | 450 | 416 | 401 | 389 | 396 | 440 |
| کۆی گشتی | 1024 | 966 | 1061 | 1127 | 1048 | 1221 |

لە خشتەی (3)دا دەردەکەوێت تاوانی دزیکردن لەچاو تاوانەکانی تر زیاتر بەرەو هەڵکشان چووە، لە پێش ساڵانی قەیران واتە (2012-2013) بریتیبووە لە (552-525)، بەڵام لەگەڵ سەرهەڵدانی قەیرانی ئابووری ئەم ڕێژەییە هەڵکشانی بەخۆیەوە بینیوە، بە جۆرێک لە ساڵانی قەیران (2014-2015-2016-2017) ڕێژەکە بەڕێزبەندی لە بەرزبوونەوە بووە (634-721-634-736). ئەمەش هۆکارەکەی خراپبوونی باری دارایی تاک و خێزانە لە ماوەی ساڵانی قەیراندا. ئەگەر سەیری کۆی گشتی سەرجەم تاوانەکان بکەین لە خشتەی (3)دا بۆمان دەردەکەوێت، کە لەسەر ئاستی شاری هەولێر ڕێژەکە لە ساڵانی (2012-2013) لە نزمبونەوەدابووە و بریتیبووە لە (1024-966)، بەڵام لە ساڵانی قەیراندا واتە ساڵانی (2014-2015-2016-2017) ڕێژەکە بەڕێزبەندی لە بەرزبوونەوەدا بووە (1061-1127-1048-1221).

بە شێوەیەکی گشتی بەپێی ئامارەکان، تاوانەکان لە ماوەی ساڵانی قەیران بە بەراورد بەساڵانی پێش قەیران لە زیادبوونە، کەواتە قەیرانی ئابووری هۆکارێکی ئەنجامدانی تاوانەکانە؛ بوونی تاوانەکانیش لەهەر کۆمەڵگایەکدا هەڕەشەیەکی گەورەیە لەسەر ئاسایشی کۆمەڵایەتی.

٤ **توندوتیژیی خێزانی**: توندوتیژیی خێزانی یەکێکە لە دیاردە کۆمەڵایەتییە نەرێنی و نەخوازراوەکان، لە زۆربەی کۆمەڵگاکاندا بوونی

هەیە و پەیوەستە بە کۆمەڵێک هۆکارەوە، یەکێک لە هۆکارەکان خراپیی باری ئابوورییە. لە خشتەی (4) ڕوونکراوەتەوە

خشتەی (4) ******

ئامارەکانی توندوتیژی لە دژی ئافرەتان لە پارێزگای هەولێر (2017-2012)

| جۆر / ساڵ | کوشتن | خۆ کوشتن | سوتان | خۆ سوتان | سکاڵا | سێکس | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 2012 | 22 | 9 | 114 | 45 | 1213 | 22 | 1425 |
| 2013 | 28 | 15 | 100 | 46 | 1548 | 8 | 1745 |
| 2014 | 21 | 19 | 73 | 32 | 2475 | 12 | 2632 |
| 2015 | 23 | 26 | 82 | 56 | 2989 | 16 | 3192 |
| 2016 | 15 | 28 | 105 | 38 | 2826 | 25 | 3037 |
| 2017 | 23 | 26 | 96 | 50 | 3370 | 51 | 3616 |

لە خشتەی (4)دا دەردەکەوێت، کۆی گشتی توندوتیژییەکان لە ساڵانی پێش قەیران واتە ساڵانی (2012-2013) بریتیبووە لە (1425-1745) توندوتیژی، واتە کۆی حاڵەتەکانی (کوشتن، خۆکوشتن، سوتاندن، خۆسوتاندن، سکاڵا و سێکس)، بەڵام لەگەڵ سەرهەڵدانی قەیرانی ئابووری ساڵ دوای ساڵ ڕێژەی توندوتیژییەکان زیاد دەکات، بە جۆرێک لە ساڵی (2014) ڕێژەکە دەبێتە (2632)، هەروەها لە ساڵی (2015) زیاتر دەبێت و بریتییە لە (3192) توندوتیژی. بەڵام بۆ ساڵی (2016) ڕێژەکە دەبێتە (3037)، هەروەها لە ساڵی (2017) ڕێژەکە دوو ئەوندە زیاترە لە ساڵانی پێش قەیران کە بریتییە لە (3616) توندوتیژی. ئەمەش دەریدەخات کە قەیرانەکان لە پاڵ هۆکارەکانی تردا ڕۆڵیان هەیە لە زیادبوونی توندوتیژییەکاندا.

٥ **هەژاری:** قەیرانی ئابووری هۆکارێکی سەرەکییە لە زیادبوونی دیاردەی هەژاری، لە خشتەی (5)دا ڕێژەی هەژاری لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان ڕوونکراوەتەوە.

خشتەی (5)*******

ڕێژەی هەژاری لە هەرێمی کوردستان

| ساڵ | 2012 | 2013 | 2014 | 2015 | 2016 | 2017 |
|---|---|---|---|---|---|---|
| هەژاری | %3.5 | %3.5 | %12.5 | - | %16 | - |

لە خشـتەی (٥)دا دەردەکەوێت، بە بەراورد بە سـاڵانی پێش قەیـران ڕێــژەی هەژاری لە ســاڵانی قەیرانــدا زۆر زیــادیکردووە، بە جۆرێــک لە سـاڵانی (2012-2013) ڕێژەکە بەڕیزبەنـدی بـریتییە لە (3.5%-3.5%)، بەڵام لە ساڵانی قەیراندا (2014- 2016) ڕێژەکە بەڕیزبەندی بریتییە لە (12.5%- 16%). بەڵام هیچ ئامار و داتایەک نییە سـەبارەت بە ڕێژەی هەژاری بۆ ساڵی (2015-2017). کەواتە بۆمان دەردەکەوێت لە ماوەی قەیرانی ئابووریيدا ڕێژەی هەژاری بەرزبۆتەوە.

٦ **بێکــاری:** بەپێــی ئەو داتایــانەی کە بەردەســتە قەیرانــی ئــابووری هۆکــارێکە بــۆ زیــادبوونی دیــاردەی بێکــاری. لە خشــتەی (٦)دا ڕێــژەی بێکاری لە شاری هەولێر ڕوونکراوەتەوە.

خشتەی (6)********

ڕێژەی بێکاری لەسەر ئاستی شاری هەولێر

| بێکاری لەسەر ئاستی شاری هەولێر | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| بێکاری | 2012 | 2013 | 2014 | 2015 | 2016 | 2017 |
| نێر | %4.8 | %2.8 | %3.25 | %9.91 | - | 9.1 |
| مێ | %22.1 | %12.8 | %15.29 | %28.64 | - | |

لە خشــتەی (6)دا بەپێــی داتــای بەردەســت لە حکــومەتی هەرێــم دەردەکەویــت، کە ڕێــژەی بێکــاری لە شــاری هەولێــر لە ســاڵی (2012)

بەرزە، بۆ ڕەگەزی نێر (4.8%) بۆ ڕەگەزی مێ (22.1%)، بەڵام بۆ ساڵی (2013) ڕێژەکە دابەزیوە بۆ ڕەگەزی نێر (2.8%)، بۆ ڕەگەزی مێ (12.8%). بەڵام لەگەڵ سەرهەڵدانی قەیرانی ئابووری ڕێژەی بێکاری هەڵکشاوە بە جۆرێک لە ساڵی (2014) بۆ ڕەگەزی نێر (3.25%) و بۆ ڕەگەزی مێ (15.29%)یە. هەروەها ڕێژەکە لە ساڵی (2015) زیاتر هەڵکشاوە، بۆ ڕەگەزی نێر (9.91%) و بۆ ڕەگەزی مێ (28.64%)یە. بەڵام سەبارەت بە ڕێژەی بێکاری بۆ ساڵی (2016) لەسەر ئاستی شاری هەولێر هیچ ئامار و داتایەک بەردەست نییە و ڕووپێوی بۆ نەکراوە، هەروەها بۆ ساڵی (2017) بێکاری بۆ هەردوو ڕەگەز (9.1)ە. بێگومان کۆمەڵێک هۆکار ڕۆڵیان هەیە لە بێکاری، لە دوای ساڵی (2014) دامەزراندن لە کوردستان وەستاوە و ڕێژەیەکی زۆری دەرچووی زانکۆ و پەیمانگاکان دانەمەزراون و بێکارن.

**دووەم: بواری پەروەردە**

پەروەردە لە هەموو وڵاتێکدا گرنگییەکی گەورەی هەیە لەسەر تەواوی کایەکانی تری ژیانی کۆمەڵایەتی، لەهەمانکاتدا یەکێکە لە بوارە سەرەکییەکانی ئاسایشی کۆمەڵایەتی، چونکە پەروەردە هەوێنی پێشکەوتن و ئاوەدانی و پێکەوەژیان و سەرچاوەی ئاسایشی کۆمەڵایەتییە.

قەیرانی ئابووری کاریگەرییەکی نەرێنیی تەواوی کردووتە سەر پرۆسەی پەروەردە، لەبەرئەوەی وەزارەتی پەروەردە نەیتوانیوە ئەوە ڕاسپاردانەی کۆنگرەی پەروەردەیی جێبەجێ بکات، هەر لە دروستکردنی باڵەخانەی نوێ بۆ قوتابخانە و نەهێشتنی دوو دەوامی لە قوتابخانەکان بەهۆی نەبوونی کەمی بینایەی قوتابخانە و نەکردنەوەی خولی ڕاهێنانی بەردەوام بۆ مامۆستایان و ئاشناکردنیان بە پرۆگرامەکانی خوێندن، تا لە

ڕێـگەیەوە ئاسـتی زانسـتیی قوتابییـان بـەرزبکەنەوە، ئـەمانە هەموویـان بەهۆی هۆکارەکانی قەیرانی ئابوورییەوە سەریانهەڵدا (حمد، 2018/9/9).

لەلایەکـی تـرەوە بەهـۆی قەیرانـی ئـابوورییەوە، ئاسایشـی پەروەردە کەوتە ژێر مەترسییەوە و ئاستی پابەندبوونی قوتـابی و مامۆسـتایان بە دەوام و ئەرکە زانستییەکانیانەوە لاوازبوو، بۆیە بەهـۆی قورسـیی ژیـان و کەمی مووچە و زۆری ڕێژەی پاشـەکەوتەوە، ڕێژەی دابڕان و وازهێنـانی مامۆســتا و قوتابییــان زیــادیکرد، ســەرەڕای کەمبــوونەوەی ئاســتی خزمەتگــوزارییە پەروەردییەکــان. لە خشــتەی (7)دا ڕێــژەی دابــڕان و وازهێنانی مامۆستا و قوتابییان ڕوونکراوەتەوە.

خشتەی (7) *********

ڕێژەی دابڕانی قوتابی و مامۆستا لە شاری هەولێر

| ڕێژەی وازهێنانی قوتابی | | | | |
|---|---|---|---|---|
| قۆناغ / ساڵ | 2014–2013 | 2015–2014 | 2016–2015 | 2017–2016 |
| قۆناغی بنەڕەتی | 2484 | 2613 | 2844 | 2544 |
| قۆناغی ئامادەیی | 637 | 915 | 838 | 814 |
| کۆی گشتی | 3121 | 3528 | 3682 | 3358 |
| **ڕێژەی وازهێنانی مامۆستا** | | | | |
| پیشە / ساڵ | 2014–2013 | 2015–2014 | 2016–2015 | 2017–2016 |
| مامۆستا | 361 | 425 | 441 | 525 |
| کۆی گشتی | 361 | 425 | 441 | 525 |

لە خشــتەی (9)دا دەردەکەوێــت، کــۆی گشــتیی ڕێــژەی وازهێنــانی قوتابییان بە هەردوو قۆناغەکانی (بنەڕەتی و ئامادەیی) لە سـاڵی (2013–2014) بـریتییە لە (3121)، بەڵام لە سـاڵی (2014–2015) ئەم ڕێـژەیە بەرەو هەڵکشـان چووە و گەیشتۆتە (3528) قوتـابی، هەروەهـا بۆ سـاڵی (2015–2016) ڕێژەکە زیاتر بووە و گەیشتۆتە (3682) قوتـابی. لەگەڵ ئەوەشدا لە ساڵی (2016–2017) ڕێژەکە کەمێک دابەزیوە بۆ (3358)

قوتـابی. بەڵام سـەبارەت بە ڕێـژەی مامۆسـتایانی دابـڕاو جـا چ بەهـۆی مـۆڵەتی بـێ مـووچەوە بـێ، یـاخود دابڕانـی یەکجاری لە سـاڵی (2013–2014) بریتیبووە لە (361) مامۆستا، هەروەها لە سـاڵی (2014–2015) بـۆتە (425)، بەڵام بـۆ سـاڵی (2015–2016) زیـاتر بـووە بـۆ (441) مامۆستا، لەگەڵ ئەوەشدا بۆ ساڵی (2016-2017) ڕێژەکە زیاتر بووە بۆ (525) مامۆستا.

## سێیەم: بواری تەندروستی

بەهـۆی قەیرانـی ئـابوورییەوە کەرتـی تەندروسـتی دووچـاری کەموکوڕییەکی زۆر بووەوە، لە ڕووی چۆنییەتی و چەندێتییەوە، بەتایبەت لەسـەر ئاسـتی خزمەتگـوزاری و پێداویسـتییە تەندروسـتییەکان. قەیرانـی ئـابووری هۆکـارێکی سـەرەکی بـوو بـۆ دابـڕان و وازهێنـانی ژمـارەیەکی بەرچـاو لە فەرمـانبەرانی وەزارەتـی تەندروسـتی بە پزیشـک و کارمەنـدەکانەوە، ئەمەش بەهـۆی کەمـی مـووچە و زۆری ڕێـژەی پاشەکەوتەوە. لە خشتەی (8)دا ڕوونکراوەتەوە.

خشتەی (8)**********

رێژەی فەرمانبەرانی تەندروستی دابڕاو لە شاری هەولێر

| | مۆڵەتی بێ مووچە | | | کۆتاییهێنان بەڕاژە | | | دەست لەکارکێشانەوە | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ناونیشان | 2014 | 2015 | 2016 | 2014 | 2015 | 2016 | 2014 | 2015 | 2016 |
| پزیشک | 77 | 81 | 480 | 158 | 227 | 206 | 12 | 8 | 7 |
| کارمەندی تەندروستی | 92 | 268 | 478 | 95 | 91 | 60 | 8 | 3 | 1 |
| کارگێری | 64 | 283 | 426 | 98 | 93 | 67 | 11 | 15 | 8 |
| کۆ | 233 | 632 | 1384 | 351 | 411 | 333 | 31 | 26 | 16 |
| کۆی پزیشک و کارمەندی تەندروستی و کارگێری دابراو لە سالی (2014) | | | | | | | | | 615 |
| کۆی پزیشک و کارمەندی تەندروستی و کارگێری دابراو لە سالی (2015) | | | | | | | | | 1069 |
| کۆی پزیشک و کارمەندی تەندروستی و کارگێری دابراو لە سالی (2016) | | | | | | | | | 1733 |
| کۆی گشتی | | | | | | | | | 3417 |

لە خشتەی (8)دا دەردەکەوێت، کۆی فەرمانبەرانی دابڕاو لە وەزارەتی تەندروستی لە شاری هەولێر لەگەڵ قووڵتربوونی قەیرانی ئابووری ڕێژەکە بەرەو هەڵکشانە، بە جۆرێک لە ساڵی (2014) ڕێژەکە (615) فەرمانبەر بووە، بەڵام لەساڵی (2015) ڕێژەکە زیادیکردووە بۆ (1069)، هەروەها لە ساڵی (2016) ڕێژەکە زیاتر بەرزبۆتەوە بۆ (1733) فەرمانبەر. واتە لە کۆی تەنها (3) ساڵ لە قەیرانی ئابووری (3417) فەرمانبەر لەم وەزارەتە دابڕاون، ئەم ڕێژە زۆرەش کەموکوڕی لە ستاف و کاری وەزارەت دروستکردووە، لە پزیشکی پسپۆڕ و کادیر و کارمەندی تەندروستی، ئەمەش کاریگەریی نەرێنی هەبووە لەسەر نەخۆش و ئاسایشی تەندروستی. لەلایەکی ترەوە، بەپێی ڕاپۆرتی وەزارەتی پلاندانانی حکومەتی عێراق، لە (2.1%) خەڵکی کوردستان سەلامەت نین لە ڕووی ئاسایشی خۆراکەوە (وزارة التخطيط،2018: 34).

سیســـتەمێکی تەندروســـتیی بەهێـــز و بـــاش، پێویســـتی بە پـــلان و بوودجەی باش هەیە، بوونی قەیرانە ئابووری و داراییەکان کاریگەرییان هەیە لەســـەر پرەنســـیپەکانی خۆپاراســـتنی هاوڵاتییـــان و کەمبـــوونەوەی ئاســـتی خزمەتگـــوزاری و پێداویســـتییە تەندروســـتییەکان و وەســـتانی پرۆژەکـــان لەم ســـێکتەرە، ئەمەش کـــاریگەریی نەرێنـــی هەیە لەســـەر سەلامەتی و پارێزگاریکردن لە گیانی نەخۆش.

## تەوەرەی چوارەم: میتۆدلۆژیا و ڕێکارە مەیدانییەکانی توێژینەوە

### یەکەم: میتۆدی توێژینەوە (Research Method)

ئەم تـــوێژینەوەیە، بە تـــوێژینەوەیەکی چەنـــدایەتی دادەنـــدرێت، توێژینەوەی چەندایەتی ئەو توێژینەوانەن کە ڕاڤەی دیاردەکان دەکەن لە ڕێگەی کۆکردنەوەی داتا و ژمارە و شیکردنەوەیان، بە پشتبەستن بەو ڕێگایـــانەی کە لە زانســـتیی بیرکـــاری بەکـــاردێن بەتـــایبەت ئامـــار (صوان،2017: ٥٥).

گونجـاوترین ڕێبـاز یـاخود میتـۆد بـۆ ئەم تـوێژینەوەیە، بـریتییە لە میتـۆدی وەسـفی کە بەهـۆیەوە دەتـوانین وێنەیەکـی شـیکاری و وەسـفیی بابەتی توێژینەوەکەمان بکەین. ڕێبازی وەسفی شێوازێکە لە شێوازەکانی شیکردنەوەیەکی چڕی زانیاریی پێویست و ورد لە بارەی دیاردەیەک یان بـابەتێکی دیـاریکراو، یـاخود لە بـارەی مـاوەیەک یـان مـاوەیەکی زەمەنـی دیـاریکراو، لە پێنـاو گەیشـتن بە دەرئەنجـامی زانسـتی و ڕاڤەکردنیـان بە ڕێگـایەکی بابەتییـانە کە یەکبگـرێتەوە لەگەڵ ئاماژەکـانی ئەم دیـاردەیە (دويدري، 2000: 183).

یەکێک لە ڕێگاکانی ڕێباز یـاخود میتۆدی وەسـفی بـریتییە لە (ڕێگـای ڕووپێـوی کـۆمەڵایەتی)، ئەمەش یەکـێکە لەو ڕێگایـانەی تـوێژینەوە، کە لە

تـــــوێژینەوە کۆمەڵایەتییەکـــــان و پەروەردەییەکانـــــدا زۆر بەکاردێـــــت، لەبەرئەوەی بەهـۆیەوە کۆمەڵێـک ڕووداو و زانیـاریی بابەتییـانە لەسـەر دیـاردەیەکی دیـاریکراو یـان ڕووداوێکـی تـایبەتی، یـان گروپێـک یـانیش لایەنێک لە لایەنەکانی (تەندروستی، پەروەردە، کۆمەڵایەتی و ...) فەراهەم دەکـات (زێبـاری، 2018: 85). تـوێژەر ڕێگـای ڕووپێـوی کـۆمەڵایەتی بە نمـوونەی بەکارهێنـاوە، بە ئامـانجی گەیشـتن بە زانیـاری و داتـای ورد لە بارەی کۆمەڵگای توێژینەوە و نموونەی وەرگیراو لەو کۆمەڵگایە.

**دووەم: بوارەکانی توێژینەوە**

**بواری مرۆیی:-** بەژداربووانی ئەم توێژینەوەیە فەرمانبەرانی حکومین لە شاری هەولێر.

**بـواری شـوێنی:-** تـوێژینەوەکە لەڕووی شـوێنەوە تـایبەتە بە شـاری هەولێر.

**بواری کاتی:-** بواری کاتی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە (2019/1/10 – 2019/7/15).

**سێیەم: ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری**

**١ پرسـیار نـامە (فـۆڕمی ڕاپرسـی) (Questionnaire):-** فـۆڕمی ڕاپرســـییەکەمان پێکهـــاتووە لە (18) پرســـیار، لێتـــوێژەر (5) بـــژاردەی لەبەردەمدا بوو، واتە پێنجینەیی (لێکرت) هەیە بۆ وەڵامەکان، بەم شـێوەیە (زۆر لەگەڵیـدام، لەگەڵیـدام، تاڕادەیـەک لەگەڵیـدام، لەگەڵیـدانیم، هـەرگیز لەگەڵیـدانیم). ئەمەش لە دوای ئەنجامـدانی چەنـد ڕێکـارێکی میتـۆدی بـۆ فۆڕمەکە وەکو:-

**A. ڕاستگۆی پێوەری توێژینەوە ( Validity of the scale Research):**- ڕاستگۆیی بەکاردێت بۆ ئەوەی بزانین ئاخۆ پێوەرەکەمان ئەو لایەنە پێوانەدەکات کە پێوەرەکەمان بۆ دروستکردووە (Maltby, john Liz Day and Macaskill, 2007:57) توێژەر فۆڕمی ڕاپرسی بەسەر (9) ********** پسپۆردا دابەشکرد، کە پێکهاتوون لە کەسانی پسپۆر و تایبەتمەندیی جیاواز لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان بە مەبەستی بەدەستهێنانی ڕاستییەتی بڕگەکان. توێژەر سەرجەم تێبینی و گۆڕانکارییەکانی پسپۆڕانی بەهەند وەرگرت و چاککردنی بڕگەکانی ئەنجامدا، دەرکەوت پلەی ڕاستگۆیی دەکاتە (96.66%).

**B. جێگیریی پێوەری توێژینەوە ( Reliability of the scale Research):**- بریتییە لە هەڵسەنگاندنی سەرجەم ئەو بڕگانەی کە داندراون بە مەبەستی ئەوەی کە ئاخۆ هەموو بڕگەکان یەک بابەت پێوانە دەکەن یان نا (Maltby, john Liz Day and Macaskill, 2007:577). توێژەر پشتی بەستووە بە ڕێگای دووبارە ئەزموون (Test-retest) واتە دووجار یەک پێوانە جێبەجێ دەکرێت لە سەر یەک نموونە لە دوو کاتی جیاوازدا، بۆ ئەم مەبەستەش نموونەکە پێکهاتوون لە (15) تاک کە (8) نێر (7) مێ، دەرکەوت بەهای وەڵامەکانیان دەکاتە (.87). بە بەکارهێنانی هاوکێشەی (پێرسون-Pearson) ئەمەش نیشانەی بوونی پەیوەندییەکی بەهێزە لە نێوان یەکەم پرسیارنامە و دوا پرسیارنامەدا.

## چوارەم: کۆمەڵگا و نموونەی توێژینەوە ( Population and simple Study)

کۆمەڵگای توێژینەوە بریتییە لە کۆی هەموو ئەو تاکانەی کە نموونەی توێژینەوە و بەشداربووەکانی تیادا دیاری دەکرێت (Coolican,

2014). کۆمـەڵگای ئەم تـوێژینەوەیە بـریتییە لە فەرمـانبەرانی حکـومەتی هەرێمـی کوردسـتان لە شـاری هەولێـر؛ کە پێکهـاتوون لە (6) وەزارەت و ئەنجوومەن و فەرمانگە.

قەبـارەی نمـوونەی توێژینەوەکەمـان پێکهـاتووە لە (384) کەس لە فەرمـانبەرانی حکـومەتی هەرێمـی کوردسـتان لە نـاو شـاری هەولێـر، بە پشتبەســـتن بە خشــــتە و پێـــوەری هەریەکە لە زانایــــان (sekaran) (Sekaran,2003:249) و (Saunders&Thornhill) ( Saunders andThornhill,2007:212) کە تیایـــدا قەبـــارەی نمـــوونەی گونجـــاو دیاریـدەکەن بەپێـی ئاسـتی بـاوەڕی و قەبـارەی کۆمەڵگـای تـوێژینەوەکە. بەپێی ئەم خشـتانە قەبـارەی گونجـاو بـۆ توێژینەوەکەمـان بەپێـی ڕێـژەی هەڵەی (5%) دەکـاتە (384) کەس، چـونکە کـۆی فەرمـانبەرانی نمـوونەکە (87535)*********** هەزار کەسە.

تـوێژەر لە هەڵبژاردنـی یەکەکـانی تـوێژینەوەکە پشـتی بە نمـوونەی هەڕەمەکیـی چینـایەتی (العینـة العشـوائیة الطبقیـة) بەسـتووە و هەروەهـا لە هەڵبژاردنی ناوی کۆمەڵەکان پشتی بە نموونەی هەڕەمەکیی سـادە (العینـة العشـوائیة البسـیطة)، بەسـتووە کە لە (6) تـوێژ پێکهـاتووە بەپێـی شـوێنی کاریـان. بـۆ ئەو مەبەسـتە تـوێژەر نـاوی سـەرجەم وەزارەت و دەسـتە و بەڕێوەبەرایەتییەکـانی حکـومەتی هەرێمـی کوردسـتانی وەرگرتـووە کە پێکهاتوون لە (40) وەزارەت و دەسـتە و ئەنجوومەن و فەرمـانگە، پاشـان دابەشـــیکردوون بـــۆ دوو کـــۆمەڵە، کـــۆمەڵەی یەکەم:- پێکهـــاتوون لەو وەزارەت و دەســـتە و ئەنجـوومەن و فەرمانگـانەی کە مووچەکانیـان بە ڕێژەیەکـــی زۆر بـــڕاوە و پاشــــەکەوتکراوە، بەڵام کـــۆمەڵەی دووەم:- پێکهـــاتوون لەو وەزارەت و دەســـتە و ئەنجـــوومەن و فەرمانگـــانەی کە مووچەکانیـــان نەبـــڕاوە یـــاخود بە ڕێژەیەکـــی زۆر کەم بـــڕاوە و پاشـەکەوتکراوە، بە ئامـانجی دروسـتکردنی هاوسـەنگییەک و دەرخسـتنی

جیاوازیی کاریگەریی قەیرانی ئابووری لەلای هەردوو کۆمەڵەکە، پاشان لە ڕێگەی نموونەی هەڕەمەکیی سادە ناوەکانی هەر کۆمەڵەیەک بە جیا تێکەڵکراون و لە ڕێگەی تیروپشکەوە ناوی چەند وەزارەت و دەستە و بەڕێوەبەرایەتییەک دەرچووە کە پێکهاتوون لە:- کۆمەڵەی یەکەم:- (وەزارەتی پەروەردە، وەزارەتی تەندروستی، وەزارەتی خوێندنی باڵا).

بەڵام کۆمەڵەی دووەم:- (ئەنجومەنی دادوەری، بەڕێوەبەرایەتیی ئاسایش، پەرلەمان). لەناو هەریەکە لەم وەزارەت و فەرمانگانەش، تاکەکان وەرگیراون بە شێوەیەکی هەڕەمەکی بەپێی ژمارەیان و بە پشتبەستن بە هاوکێشەی ئاماری (************). لە خشتەی (9)دا ژمارە و ڕێژەی نموونەی وەرگیراو لە کۆمەڵگای توێژینەوەکە ڕوونکراوەتەوە.

خشتەی (9)

ژمارە و ڕێژەی نموونەی وەرگیراو لە کۆمەڵگای توێژینەوەکە

| شوێنی کار | ژمارە | ڕێژەی وەرگیراوە وەک نموونە | % |
|---|---|---|---|
| وەزارەتی پەروەردە | 42022 | 184 | 47.916 |
| وەزارەتی تەندروستی | 19267 | 85 | 22.135 |
| ئاسایش | 15000 | 66 | 17.187 |
| دادوەری | 1181 | 5 | 1.302 |
| وەزارەتی خوێندنی باڵا | 9345 | 41 | 10.677 |
| پەرلەمان | 720 | 3 | 0.781 |
| کۆی گشتی | 87535 | 384 | 100 |

## پێنجەم: ئامرازە ئامارییەکان

توێژەر پشتی بە یەکێک لە پرۆگرامە بەناوبانگەکانی ئامار بەستووە، کە لە زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا زۆر بەکاردێت بەناوی (SPSS) لەناو ئەو پرۆگرامەشدا توێژەر ئەم ئامراز و یاسایانەی بەکارهێناوە:- 1-

ڕێـژەی سـەدی (%) (Percentage)، 2- ناوەنـدی ژمێریـاری (Mean)، 3- ناوەندی (Median)، 4- لادانی پێوەری (Standard Deviation)، 5- تـاقیکردنەوەی (ت) (T.Test)، 6- سـپێرمان (Spearmans Rho)، 8- ئەنۆڤـا (One- way ANOVA) و 9- ناوەنـدی شـیاو (The Weighted Mean).

## تەوەرەی پێنجەم: خستنەڕووی زانیارییە گشتییەکانی نموونەی توێژینەوە

### ١ ڕەگەز

خشتەی (10)

دابەشکردنی تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز

| ڕەگەز | ژمارە | % |
|---|---|---|
| نێر | 227 | 59.114 |
| مێ | 157 | 40.885 |
| کۆی گشتی | 384 | 100 |

لە خشتەی (10)دا دەرکـەوتووە، ڕێژەی (59.114%) ڕەگـەزی نێـرن، و ڕێژەی (40.885%) ڕەگەزی مێینەن.

### ٢ تەمەن

خشتەی (11)

دابەشکردنی تەمەنی تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە

| کۆمەڵەی تەمەن | ژمارە | % |
|---|---|---|
| 29-20 | 75 | 19.531 |
| 39-30 | 163 | 42.447 |
| 49-40 | 104 | 27.083 |
| 59-50 | 38 | 9.895 |
| لە 60 بەسەرەوە | 4 | 1.041 |
| کۆی گشتی | 384 | 100 |

خشتەی (11) ئەوە نیشاندەدات، کە ڕێژەی ئەو کەسانەی لە تەمەنی (20-29) ساڵیدان ڕێژەی (19.531%)ی نموونەکە پێکدەهێنن، بەڵام گەورەترین ڕێژە کۆمەڵەی ئەو کەسانەیە کە تەمەنیان لە نێوان (30–39) ساڵیدان، کە ڕێژەی (42.447%)ی نموونەکە پێکدەهێنن. هەروەها ڕێژەی ئەو کەسانەی کە تەمەنیان لە نێوان (40–49) ساڵیدایە بریتییە لە (27.083%). بەڵام ڕێژەی (9.895%) بریتیین لە ئاستی تەمەنی (59-50) ساڵ، و ڕێژەی (1.041%) ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە لە تەمەنی 60 بەسەرەوەن).

## ٣ شوێنی کار (پیشە)

خشتەی (12)

دابەشکردنی شوێنی کاری تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە

| شوێنی کار | ژمارە | % |
|---|---|---|
| وەزارەتی پەروەردە | 184 | 47.916 |
| وەزارەتی تەندروستی | 85 | 22.135 |
| ئاسایش | 66 | 17.187 |
| دادوەری | 5 | 1.302 |
| وەزارەتی خوێندنی باڵا | 41 | 10.677 |
| پەرلەمان | 3 | 0.781 |
| کۆی گشتی | 384 | 100 |

لە خشتەی (12)دا دەردەکەوێت، کە ڕێژەی (47.916%)ی تاکەکان پیشەیان لەناو وەزارەتی پەروەردەیە، هەروەها ڕێژەی (22.135%)ی تاکەکان فەرمانبەری وەزارەتی تەندروستین، ڕێژەی (17.187%)ی تاکەکان پیشەیان لەناو دەزگای ئاسایشە، هەروەها ڕێژەی (1.302%)ی تاکەکان فەرمانبەری ئەنجوومەنی دادوەرین. ڕێژەی (10.677%)ی تاکەکان فەرمانبەری وەزارەتی خوێندنی باڵان و ڕێژەی (0.781%)ی تاکەکان فەرمانبەری پەرلەمانن.

### ٤ داهاتی مانگانە

خشتەی (13)

دابەشکردنی داهاتی مانگانەی تاکەکانی نموونە بۆ چەند کۆمەڵێک

| داهاتی مانگانە | ژمارە | % |
|---|---|---|
| 749000-200000 | 279 | 72.656 |
| 1449000-750000 | 94 | 24.479 |
| 2449000-1500000 | 8 | 2.083 |
| 3449000-2500000 | 0 | 0 |
| زیاتر لە3500000 | 3 | 0.781 |
| کۆی گشتی | 384 | %100 |

لە خشتەی (13)دا دەردەکەوێت، کە داهاتی تاکەکانی توێژینەوەکە لەکاتی قەیران بەم شێوەیەیە:- ڕێژەی (72.656%)ی تاکەکان داهاتی مانگانەیان لەنێوان (749000-200000) دینارە، ڕێژەی (24.479%)ی تاکەکان داهاتی مانگانەیان لە نێوان (1449000-750000) دینارە، هەروەها ڕێژەی (2.083%)ی تاکەکان داهاتیان لە نێوان (2449000-1500000) دینارە و ڕێژەی (0%)ی تاکەکان داهاتی مانگانەیان لەنێوان (3449000-2500000) دینارە، ڕێژەی (0.781%)ی تاکەکان، داهاتی مانگانەیان (زیاتر لە 3500000) دینارە.

## تەوەرەی شەشەم: خستنەڕوو و گفتوگۆی ئامانجەکانی توێژینەوەکە

### ئامانجی یەکەم: دەستنیشانکردنی دەرهاویشتەکانی قەیرانی ئابووری لەسەر ئاسایشی کۆمەڵایەتی

### یەکەم: بواری کۆمەڵایەتی

تەوەری بواری کۆمەڵایەتی پێکهاتووە لە (8) برگە، لە خشتەی (14)دا کاریگەرییەکان ڕوونکراونەتەوە. هەروەها لە خشتەی (15)دا

کاریگـــەرترین دەرهاویشـــتەکانی قـــەیرانی ئـــابووری بە پلەبەنـــدی ڕوونکراوەتەوە.

خشتەی (14)

بیروڕای نموونە لەبارەی کاریگەرییە نەرێنییەکانی قەیرانی ئابووری لە بواری کۆمەڵایەتی

| تەوەر | ناوەندی ژمێری Mean | لادانی پێوەری Std. Deviation | بەها (t) | نمرەی ئازادی df | بەها (p) Sig |
|---|---|---|---|---|---|
| بواری کۆمەڵایەتی | 32.0703 | 5.77812 | 27.370 | 383 | .000 |

لە خشتەی (١٤) بۆمان دەردەکەوێت، کاریگەری و دەرهاویشتە نەرێنییەکانی قەیرانی ئابووری لە بواری کۆمەڵایەتی زۆرن، چونکە دەردەکەوێت ناوەندی ژمێری بریتییە لە (32.0703)، و لادانی پێوەری (5.77812)، و بەهای (T.test) بریتییە لە (27.370) بە نمرەی ئازادی (383) و بەهای (p) دەکاتە (.000) بەڵام بەهای (p) بچووکترە لە (0.05) کەواتە قەیران کاریگەریی نەرێنی هەبووە لەسەر بواری کۆمەڵایەتی بەپێی بیروڕای نموونەی توێژینەوەکە.

خشتەی (15)

ناوەندی شیاو و کێشی سەدی تێراوتێتی تاکەکانی نموونە لە بارەی کاریگەرییە نەرێتییەکانی قەیرانی ئابووری لە بواری کۆمەڵایەتی

| ژ | برگەکان | کۆ | شیاو | % | پلە |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | قەیرانی ئابووری کاریگەری هەبووە لەلاواز کردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی نێوان خێزانەکان. | 1597 | 4.1588 | 83.1770 | 4 |
| 2 | قەیرانی ئابووری بۆتە هۆی لاوازی پابەندبوون بە بەهاو پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان. | 1521 | 3.9609 | 79.2187 | 5 |
| 3 | قەیرانی ئابووری هۆکارێکە بۆ زیادبوونی توندوتیژی خێزانی. | 1607 | 4.1848 | 83.6979 | 2 |
| 4 | قەیرانی ئابووری گرفتی لێکجیابوونەوەی نێوان هاوسەرانی زیادکردووە. | 1600 | 4.1688 | 83.1870 | 3 |
| 5 | قەیرانی ئابووری بۆتە هۆی زیادکردنی ڕێژەی تاوانی دزیکردن. | 1614 | 4.2031 | 84.062 | 1 |
| 6 | قەیرانی ئابووری بازرگانیکردن بەمادده هۆشبەرەکانی زیادکردووە. | 1392 | 3.625 | 72.5 | 8 |
| 7 | قەیرانی ئابووری بۆتە هۆی زیادبوونی دیاردەی خۆ کوشتن. | 1495 | 3.8932 | 77.8645 | 6 |
| 8 | قەیرانی ئابووری هۆکارێکە بۆ زیادبوونی تاوانی کوشتن. | 1479 | 3.8515 | 77.0312 | 7 |

لە خشتەی (١٥)دا بۆمان دەردەکەوێت، کە تاکەکانی نموونەکە باوەڕیان وایە کاریگەرترین دەرهاویشتەکانی قەیرانی ئابووری لە بواری کۆمەڵایەتیدا بەم شێوەیەیە:- (قەیرانی ئابووری بۆتە هۆی زیادکردنی ڕێژەی تاوانی دزیکردن) ئەمە بە پلەی یەکەم دێت بە ناوەندی شیاوی (4.2031) و ڕێژەی سەدی (84.062). بەڵام پلەی دووەمی کاریگەرییەکانی قەیرانی ئابووری لە بواری کۆمەڵایەتی بریتییە لە (قەیرانی ئابووری هۆکارێکە بۆ زیادبوونی توندوتیژیی خێزانی) بە ناوەندی شیاوی (4.1848) و ڕێژەی سەدی (83.6979). هەروەها برگەی (قەیرانی ئابووری گرفتی لێکجیابوونەوەی نێوان هاوسەرانی زیادکردووە)، بە پلەی سێیەم دێت بە ناوەندی شیاوی (4.1688) و ڕێژەی سەدی (83.1870). لەلایەکی ترەوە برگەی (قەیرانی ئابووری

کاریگەری هەبووە لەسەر لاوازکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی نێوان خێزانەکان)، لە پلەی چوارەمە بە ناوەندی شیاوی (4.1588) و ڕێژەی سەدی (83.1770). بەڵام برگەی (قەیرانی ئابووری بۆتە هۆی لاوازیی پابەندبوون بە بەها و پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان لەلایەن تاکەکانەوە)، پلەی پێنجەمی گرتووە بە ناوەندی شیاوی (3.9609) و ڕێژەی سەدی (79.2187). پلەی شەشەمی کاریگەرییە نەرێنییەکانی قەیران بریتییە لە برگەی (قەیرانی ئابووری بۆتە هۆی زیادبوونی دیاردەی خۆکوشتن)، بە ناوەندی شیاوی (3.8932) و ڕێژەی سەدی (77.8645). پلەی حەوتەمی کاریگەرییە نەرێنییەکانی قەیرانیش بریتییە لە برگەی (قەیرانی ئابووری هۆکارێکە بۆ زیادبوونی تاوانی کوشتن)، بە ناوەندی شیاوی (3.8515) و ڕێژەی سەدی (77.0312). بەڵام برگەی (قەیرانی ئابووری بازرگانیکردن بەمادده هۆشبەرەکانی زیادکردووە)، کۆتا پلەی ڕیزبەندیی کاریگەرییەکانە بە ناوەندی شیاوی (3.625) و ڕێژەی سەدی (72.5).

**دووەم: بواری پەروەردە**

تەوەرەی بواری پەروەردە پێکهاتووە لە (5) برگە، لە خشتەی (١٦)دا کاریگەرییەکان ڕوونکراونەتەوە. هەروەها لە خشتەی (17)دا کاریگەرترین لێکەوتەکانی قەیرانی ئابووری لە بواری پەروەردە بە پلەبەندی ڕوونکراوەتەوە.

خشتەی (16)

بیروڕای نموونە لەبارەی کاریگەرییە نەرێنییەکانی قەیرانی ئابووری لە بواری پەروەردە

| تەوەر | ناوەندی ژمێری Mean | لادانی پێوەری Std. Deviation | بەها (t) | نمرەی ئازادی df | بەها (p) Sig |
|---|---|---|---|---|---|
| بواری پەروەردە | 19.1458 | 3.46931 | 23.417 | 383 | .000 |

لە خشتەی (١٦)دا بۆمان دەردەکەوێت کاریگەرییە نەرێنییەکانی قەیرانی ئابووری لە بواری پەروەردە زۆرە، چونکە دەردەکەوێت ناوەندی ژمێری بریتییە لە (19.1458)، و لادانی پێوەری (3.46931)، و بەهای (T.test) بریتییە لە (23.417) بە نمرەی ئازادی (383) و بەهای (p) دەکاتە (.000) بەڵام بەهای (p) بچووکترە لە (0.05) کەواتە قەیرانی ئابووری کاریگەریی نەرێنی هەبووە لەسەر بواری پەروەردە بەپێی بیروڕای نموونەکە.

خشتەی (17)

ناوەندی شیاو و کێشی سەدی تێراونینی تاکەکانی نموونە لەبارەی کاریگەرییە نەرێنییەکانی قەیرانی ئابووری لە بواری پەروەردە

| ژ | بڕگەکان | کۆ | شیاو | % | پلە |
|---|---|---|---|---|---|
| 9 | بەهۆی قەیرانی ئابوورییەوە ڕێژەی وازهێنانی قوتابی و مامۆستا لە پرۆسەی پەروەردە زیادیکردووە. | 1469 | 3.8255 | 76.5104 | 3 |
| 10 | قەیرانی ئابووری بۆتە هۆی لاوازبوونی دامودەزگاکانی پەروەردە لە پێشخستنی توانای ئەندامەکانی. | 1453 | 3.7838 | 75.6770 | 4 |
| 11 | قەیرانی ئابووری خزمەتگوزاری و پێداویستییە پەروەردەییەکانی لاواز کردووە. | 1504 | 3.9166 | 78.3333 | 2 |
| 12 | قەیرانی ئابووری بۆتە هۆی لاوازبوونی چالاکی قوتابخانەکان (زانستی و وەرزشی و هونەرییەکان). | 1451 | 3.7786 | 75.5729 | 5 |
| 13 | قەیرانی ئابووری بۆتە هۆی لاوازی پابەندبوونی مامۆستا و قوتابی بە پرۆسەی فێربوون و فێرکردنەوە. | 1508 | 3.9270 | 78.5416 | 1 |

لە خشتەی (١٧)دا بۆمان دەردەکەوێت، کە تاکەکانی نموونەکە باوەڕیان وایە کاریگەرترین دەرهاویشتەکانی قەیرانی ئابووری لە بواری پەروەردە بەم شێوەیەیە:- (قەیرانی ئابووری بۆتە هۆی لاوازیی پابەندبوونی مامۆستا و قوتابی بە پرۆسەی فێربوون و فێرکردنەوە) بە پلەی یەکەم دێت بە ناوەندی شیاوی (3.9270) و ڕێژەی سەدی

(78.5416). بەڵام بڕگەی (قەیرانی ئابووری خزمەتگوزاری و پێویستییە پەروەردەییەکانی لاواز کردووە) پلەی دووەمی کاریگەرییەکانی گرتووە، بە ناوەندی شیاوی (3.9166) و ڕێژەی سەدی (78.3333). هەروەها کاریگەرییەکی تری قەیران کە پلەی سێیەمی گرتووە بریتییە لە بڕگەی (بەهۆی قەیرانی ئابوورییەوە ڕێژەی وازهێنانی قوتابی و مامۆستا لە پرۆسەی پەروەردە زیادیکردووە)، بە ناوەندی شیاوی (3.8255) و ڕێژەی سەدی (76.5104). لەلایەکی ترەوە بڕگەی (قەیرانی ئابووری بۆتە هۆی لاوازبوونی دامودەزگاکانی پەروەردە لە پێشخستنی توانای ئەندامەکانی)، پلەی چوارەمە بە ناوەندی شیاوی (3.7838) و ڕێژەی سەدی (75.6770). بەڵام بڕگەی (قەیرانی ئابووری بۆتە هۆی لاوازبوونی چالاکی قوتابخانەکان( زانستی، وەرزشی و هونەری)، پلەی پێنجەم واتە کۆتا پلەی کاریگەریی قەیرانە لەم تەوەرەیە بە ناوەندی شیاوی (3.7786) و ڕێژەی سەدی (75.5729).

**سێیەم: بواری تەندروستی**

تەوەرەی بواری تەندروستی، پێکهاتووە لە (5) بڕگە، لە خشتەی (١٨)دا کاریگەرییەکان ڕوونکراونەتەوە. هەروەها لە خشتەی (١٩)دا کاریگەرترین دەرهاویشتەکانی قەیرانی ئابووری لە بواری تەندروستی بە پلەبەندی ڕوونکراوەتەوە.

خشتەی (18)

بیروڕای نموونە لەبارەی کاریگەرییە نەرێنییەکانی قەیرانی ئابووری لە تەندروستی

| تەوەر | ناوەندی ژمێری Mean | لادانی پێوەری Std. Deviation | بەها (t) | نمرەی ئازادی df | بەها (p) Sig |
|---|---|---|---|---|---|
| بواری تەندروستی | 19.8724 | 3.40816 | 28.015 | 383 | .000 |

لە خشـتەی (١٨)دا بۆمـان دەردەکـەوێت، کاریگەرییـە نەرێنییـەکانی قـەیرانی ئـابووری لـە بـواری تەندروسـتی زۆرە، چونکـە دەردەکـەوێت ناوەنـدی ژمێـری بریتییـە لـە (19.8724)، لادانـی پێـوەری (3.40816)، بـەهای (T.test) بریتییە لـە (28.015) بە نمرەی ئـازادی (383)، بـەهای (p) دەکاتە (.000)، بەڵام بەهای (p) بچووکترە لە (0.05) کەواتە قەیرانی ئـابووری کاریگـەریی نـەرێنی هـەبووە لەسـەر بـواری تەندروسـتی بـەپێی بیروڕای نموونەی توێژینەوەکە.

خشتەی (19)

ناوەندی شیاو و کێشی سەدی تێراونینی تاکەکانی نموونە لەبارەی کاریگەرییە نەرێنییەکانی قەیرانی ئابووری لەسەر تەندروستی

| ژ | برگەکان | کۆ | شیاو | % | پلە |
|---|---|---|---|---|---|
| 14 | قەیرانی ئابووری بۆتە هۆی کەمبوونی دەرمان و پێداویستییە پزیشکییەکان لە نەخۆشخانە حکومییەکاندا. | 1554 | 4.0468 | 80.937 | 3 |
| 15 | قـەیرانی ئـابووری هۆکارێکـە بـۆ فرۆشـتنی ئەندامەکانی جەستە لەلایەن هەژارانەوە. | 1431 | 3.7265 | 74.531 | 5 |
| 16 | قـەیرانی ئـابووری هۆکـارە بـۆ زیـادبوونی نەخۆشـییەکان وەکـو (جەڵتـە و فشـاری خـوێن و شـەکرە). | 1529 | 3.9817 | 79.635 | 4 |
| 17 | قەیرانی ئابووری مەترسییە لە سەر تەندروستی خۆراک بۆ هاوڵاتیان. | 1570 | 4.0885 | 81.770 | 1 |
| 18 | قـەیرانی ئـابووری هەڕەشـەیە لەسـەر ئاسایشـی ژینگە. | 1567 | 4.0807 | 81.614 | 2 |

لـە خشـتەی (١٩)دا بۆمـان دەردەکـەوێت، کـە تاکـەکانی نموونەکـە باوەڕیان وایە کاریگەرترین لێکەوتەکانی قەیران لە بواری تەندروستی بەم شێوەیەیە:- (قەیرانی ئابووری مەترسییە لەسەر تەندروستیی خۆراک بۆ هاوڵاتییان)، بە پلەی یەکەم دێت بە ناوەندی شیاوی (4.0885) و ڕێژەی سـەدی (81.7708). بەڵام بـڕگەی (قـەیرانی ئـابووری هەڕەشـەیە لەسـەر ئاسایشی ژینگە)، پلەی دووەمی گرتووە، بەناوەندی شیاوی (4.0807) و

ڕێژەی سەدی (81.6145). هەروەها بڕگەی (قەیرانی ئابووری بۆتە هۆی کەمبوونی دەرمان و پێداویستییە پزیشکییەکان لە نەخۆشخانە حکومییەکاندا)، پلەی سێیەمی گرتووە بە ناوەندی شیاوی (3.9817) و ڕێژەی سەدی (80.9375). لەلایەکی ترەوە بڕگەی (قەیران پەیوەندی بە زیادبوونی نەخوشییەکانەوە هەیە، وەک جەڵتە و فشاری خوێن و شەکرە)، بە پلەی چوارەم دێت بە ناوەندی شیاوی (3.7838) و ڕێژەی سەدی (79.6354). بەڵام بڕگەی (قەیرانی ئابووری وای لە بەشێک لە تاکەکان کردووە ئەندامەکانی جەستەی خۆیان بفرۆشن و بازرگانیکردن بە جەستە زیادبکات)، کۆتا پلەیە لەم تەوەرەیە بە ناوەندی شیاوی (3.7265) و ڕێژەی سەدی (74.5312).

**ئامانجی دووەم: دیاریکردنی جیاوازیی ئاماری لەنێوان قەیرانی ئابووری و بوارەکانی ئاسایشی کۆمەڵایەتی (کۆمەڵایەتی، پەروەردە و تەندروستی) بەپێی گۆڕاوەکانی (ڕەگەز، شوێنی کار و داهات).**

**١ ڕەگەز و بوارەکانی بەهێزکردنی ئاسایشی کۆمەڵایەتی**

خشتەی (20)

جیاوازی گۆڕاوی ڕەگەز بە کاریگەرییەکانی قەیرانی ئابووری لەسەر بوارەکانی ئاسایشی کۆمەڵایەتی ڕووندەکاتەوە

| تەوەرەکان | ڕەگەز | | ناوەندی ژمێری | لادانی پێوەری | بەها (t) | بەها (F) | نمرەی ئازادی df | بەها (p) Sig |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | جۆر | ژ | | | | | | |
| بواری کۆمەڵایەتی | نێر | 227 | 32.189 | 5.4904 | .485 | 2.164 | 382 | .142 |
| | مێ | 157 | 31.898 | 6.1843 | | | | |
| بواری پەروەردە | نێر | 227 | 19.136 | 3.4428 | -.063 | .003 | 382 | .955 |
| | مێ | 157 | 19.159 | 3.5182 | | | | |
| بواری تەندروستی | نێر | 227 | 19.515 | 3.5001 | -2.48 | 2.382 | 382 | .124 |
| | مێ | 157 | 20.388 | 3.2118 | | | | |

لە خشتەی (20)دا بۆمان دەردەکەوێت، کە هیچ جیاوازییەکی ئاماری لە بیروڕای تاکەکانی توێژینەوە لە نێوان ڕەگەزی (نێر و مێ) لە بارەی کاریگەرییەکانی قەیرانی ئابووری لەسەر سەرجەم تەوەرەکاندا نییە. چونکە لە بواری کۆمەڵایەتیدا بەهای (t) دەکاتە (485.) هەروەها بەهای (F) دەکاتە (2.164) و بەهای (p) دەکاتە (142.) بەڵام لەبواری پەروەردەییدا، بەهای (F) دەکاتە (003.) و بەهای (p) دەکاتە (955.). لە بواری تەندروستیدا بەهای (F) دەکاتە (2.382) و بەهای (p) دەکاتە (124.). کەواتە بەهاکانی (p) لەسەرجەم بوارەکاندا گەورەترە لە (0.05) بۆیە هیچ جیاوازییەکی بەڵگەداریی ئاماری نییە، لە نێوان گۆڕاوی ڕەگەز و بوارەکاندا.

دەتوانیین بڵێین، هۆکاری نەبوونی جیاوازیی نێوان گۆڕاوی ڕەگەز لەگەڵ سەرجەم تەوەرەکان، دەگەڕێتەوە بۆ گشتگیریی کاریگەرییەکانی قەیرانی ئابووری لەسەر هەردوو ڕەگەز.

## ٢ شوێنی کار (پیشه) و بوارەکانی ئاسایشی کۆمەڵایەتی

خشتەی (21)

جیاوازی گۆڕاوی شوێنی کار بە کاریگەرییەکانی قەیرانی ئابووری لەسەر بوارەکانی ئاسایشی کۆمەڵایەتی رووندەکاتەوە

| تەوەرەکان | شوێنی کار جۆر | ژ | ناوەندی ژمێری | لادانی پێوەری | جیاوازی گشتی | Df نمرەی ئازادی | بەهای (F) | ئاماژە Sig. (p) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| بواری کۆمەڵایەتی | پەروەردە | 184 | 32.298 | 5.812 | 12787.10 | 383 | 2.965 | .012 |
| | تەندروستی | 85 | 32.482 | 6.196 | | | | |
| | ئاسایش | 66 | 30.909 | 5.067 | | | | |
| | دادوەری | 5 | 32.200 | 1.643 | | | | |
| | خ. بالا | 41 | 32.829 | 5.214 | | | | |
| | پەرلەمان | 3 | 21.333 | 8.020 | | | | |
| بواری پەروەردە | پەروەردە | 184 | 20.114 | 2.784 | 4609.83 | 383 | 11.0 | .000 |
| | تەندروستی | 85 | 19.741 | 3.599 | | | | |
| | ئاسایش | 66 | 15.484 | 2.972 | | | | |
| | دادوەری | 5 | 17.600 | 2.302 | | | | |
| | خ. بالا | 41 | 19.829 | 3.024 | | | | |
| | پەرلەمان | 3 | 16.666 | 1.527 | | | | |
| بواری تەندروستی | پەروەردە | 184 | 20.565 | 2.970 | 4448.747 | 383 | 24.74 | .000 |
| | تەندروستی | 85 | 20.635 | 3.308 | | | | |
| | ئاسایش | 66 | 17.045 | 3.505 | | | | |
| | دادوەری | 5 | 18.800 | 2.280 | | | | |
| | خ. بالا | 41 | 19.829 | 3.216 | | | | |

لە خشتەی (21)دا بۆمان دەردەکەوێت، کە جیاوازیی بەڵگەداریی ئاماری هەیە لە نێوان گۆڕاوی شوێنی کاری تاکەکانی نموونەکە و سەرجەم بوارەکانی کۆمەڵایەتی، پەروەردە و تەندروستی، چونکە لە بواری کۆمەڵایەتییدا، بەهای (F) دەکاتە (2.965) و بەهای (p) دەکاتە (.012) لە بواری پەروەردەییشدا بەهای (F) دەکاتە (24.745) و بەهای (p) دەکاتە (.000) لە بواری تەندروستیدا بەهای (F) دەکاتە (13.445) و بەهای (p) دەکاتە (.000) کەواتە جیاوازیی بەڵگەداریی ئاماری هەیە، چونکە بەهای (p) لە سەرجەم بوارەکان بچووکترە لە (0.05).

دەتــوانيين بڵێــين بــوونی جیــاوازیی بەڵگەداریــی ئامــاری لە نێــوان گــۆڕاوی شــوێنی کــار و ســەرجەم بوارەکانــدا، ئەنجــامێکی ڕاســتەقینە و لۆژیکییە، چونکە تاکەکانی نموونەکە دابەشبوونە بەسەر چەند وەزارەت و فەرمانگە و بەڕێوەبەرایەتییەکدا کە لە ڕووی جۆری پیشە و ناونیشان و شایستە داراییەکان و پلە و پایەیان زۆر لێکجیاوازن، گەورەترین جیاوازی لە نێوانیـان بریتییە لە بڕی مووچە و باری دارایی، بۆیە شوێنی کار و پیشە گۆڕاوێکی زۆر کاریگەر بووە لە دروستکردنی جیاوازی لـە بارەی کاریگەریی قەیرانی ئابووری لە سەر ئاسایشی کۆمەڵایەتی.

## ٣ داهاتی مانگانە و بوارەکانی ئاسایشی کۆمەڵایەتی

خشتەی (22)

جیاوازی گۆڕاوی داهاتی مانگانە بە کاریگەرییەکانی قەیرانی ئابووری لەسەر بوارەکانی ئاسایشی کۆمەڵایەتی ڕووندەکاتەوە

| تەوەرەکان | داهاتی مانگانە | | ناوەندی ژمێری | لادانی پێوەری | Df نمرەی ئازادی | بەهای (F) | بەها (p) Sig |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | کۆمەڵە | ژ | | | | | |
| بواری کۆمەڵایەتی | 749000-200000 | 279 | 32.448 | 5.905 | 383 | 2.507 | .059 |
| | 1449000-750000 | 94 | 31.351 | 5.092 | | | |
| | 2449000-1500000 | 8 | 27.625 | 7.818 | | | |
| | 3449000-2500000 | 0 | 0 | 0 | | | |
| | زیاترلە3500000 | 3 | 31.333 | 1.527 | | | |
| بواری پەروەردە | 749000-200000 | 279 | 19.641 | 3.288 | 383 | 7.50 | .000 |
| | 1449000-750000 | 94 | 17.861 | 3.700 | | | |
| | 2449000-1500000 | 8 | 18.000 | 3.023 | | | |
| | 3449000-2500000 | 0 | 0 | 0 | | | |
| | زیاترلە3500000 | 3 | 16.333 | 2.081 | | | |
| بواری تەندروستی | 749000-200000 | 279 | 20.272 | 3.428 | 383 | 5.39 | .001 |
| | 1449000-750000 | 94 | 18.702 | 3.192 | | | |
| | 2449000-1500000 | 8 | 20.250 | 2.187 | | | |
| | 3449000-2500000 | 0 | 0 | 0 | | | |
| | زیاترلە3500000 | 3 | 18.333 | 3.055 | | | |

لە خشتەی (٢٢)دا بۆمان دەردەکەوێت، کە جیاوازیی بەڵگەداریی ئاماری هەیە، لە نێوان گۆڕاوی (داهاتی مانگانە)ی تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە لەگەڵ بوارەکانی (پەروەردە و تەندروستی)، چونکە لە بواری پەروەردە و تەندروستی بەهای (p) بچووکترە لە (0.05)، بۆیە جیاوازیی بەڵگەداریی ئاماری هەیە. بەڵام لە بواری کۆمەڵایەتیدا، بەهای (F) دەکاتە (2.507) و بەهای (p) دەکاتە (.059)، ئەمەش گەورەترە لە (0.05)، بۆیە جیاوازیی بەڵگەداریی ئاماری نییە. کەواتە کاریگەرییەکان لە بواری کۆمەڵایەتییدا، نەکەوتۆتە ژێر کاریگەریی زۆری و کەمی ڕێژەی داهاتی مانگانە لە کاتی قەیراندا، بەڵکو هەموویان بێ جیاوازی باوەڕیان بە کاریگەرییەکان هەبووە. لەلایەکی ترەوە هۆکاری جیاوازیی ئاماری لە نێوان گۆڕاوی داهاتی مانگانە لەگەڵ بوارەکانی (پەروەردە و تەندروستی)، دەردەکەوێت ئەو تاکانەی کە داهاتیان باش بووە و پاشەکەوتی مووچەیان کەمتر بووە، جیاوازن لەگەڵ ئەو تاکانەی کە داهات و مووچەیان زۆر لێبڕاوە لەکاتی قەیراندا.

**تەوەرەی حەوتەم: ئەنجامەکانی توێژینەوە**

١. لە بواری کۆمەڵایەتیدا، قەیرانی ئابووری بۆتە هۆکارێک بۆ زیادبوونی گرفتە کۆمەڵایەتییەکانی وەک (تاوان و دزیکردن، مادده هۆشبەرەکان، لێکجیابوونەوە، توندوتیژیی خێزانی، هەژاری، بێکاری). هەروەها هۆکارێکە بۆ لاوازبوونی بەها و پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان.

٢. لە بواری پەروەردەیی، قەیرانی ئابووری هۆکارێکی کاریگەر بووە لە دابڕان و وازهێنانی قوتابی و مامۆستا لە پرۆسەی پەروەردە، بەهۆی خراپبوونی باری دارایی هاوڵاتییانەوە، هەروەها ئەم قەیرانە پێویستی و خزمەتگوزارییەکانی پرۆسەی پەروەردەی لاوازکردووە، لە هەمانکاتدا

قەیرانی ئابووری هاندان و پابەندبوونی مامۆستا و قوتابی بە پرۆسەی فێرکردن و فێربوون لاوازکردووە.

٣. لە بواری تەندروستیدا، بەهۆی قەیرانی ئابوورییەوە ڕێژەی پزیشک و دەرمان و پێویستییە پزیشکییەکان لە نەخۆشخانە حکومییەکان کەمیکردووە، هەروەها بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئەم قەیرانە هۆکاربووە لە کۆمەڵێک نەخۆشی وەکو جەڵتە و فشاری خوێن و شەکرە، کاریگەرییەکی تری قەیرانی ئابووری بریتییە لە فرۆشتنی ئەندامانی جەستە لەلایەن بەشێک لە هەژارانەوە بەهۆی نەبوونییەوە.

٤. هیچ جیاوازییەکی بەڵگەداریی ئاماری نییە لەنێوان گۆڕاوی ڕەگەزی تاکەکانی تویژینەوە لەگەڵ دەرهاویشتەکانی قەیران، لە بواری (کۆمەڵایەتی، پەروەردەیی، تەندروستی).

٥. جیاوازیی بەڵگەداریی ئاماری هەیە لەنێوان گۆڕاوی شوێنی کار (پیشە)ی تاکەکانی نموونەی تویژینەوە لەگەڵ دەرهاویشتەکانی قەیرانی ئابووری لە سەرجەم بوارەکانی (کۆمەڵایەتی، پەروەردەیی، تەندروستی).

٦. جیاوازیی بەڵگەداریی ئاماری هەیە لەنێوان گۆڕاوی داهاتی مانگانەی تاکەکانی نموونەی تویژینەوە لەگەڵ دەرهاویشتەکانی قەیرانی ئابووری لە بواری (پەروەردەیی، تەندروستی)، بەڵام جیاوازیی ئاماری نییە لە نێوان گۆڕاوی داهاتی مانگانە و بواری کۆمەڵایەتی.

## تەوەرەی هەشتەم: دەرئەنجامەکانی تویژینەوە

١. لە ماوەی قەیرانی ئابووریدا لە سالانی (٢٠١٤-٢٠١٧) ئاسایشی کۆمەڵایەتی کەوتۆتە ژێر هەڕەشە و مەترسییەکی گەورەوە، چونکە قەیران کەموکوڕی و بارودۆخێکی نەخوازراوی دروستکردووە، لە بواری

کۆمەڵایەتی و پەروەردە و تەندروستی، ئەمانەش بوارە سەرەکییەکانی دەستەبەرکردن و بەدیهێنانی ئاسایشی کۆمەڵایەتین.

٢. قەیرانی ئابووری، هۆکارێکە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بۆ زیاترکردن و گەشەپێدانی ئەو هۆکار و مەترسییانەی کە بەهەڕەشە دەژمێردرێن لەسەر ئاسایشی کۆمەڵایەتی.

٣. فەرمانبەرانی حکومەتی هەرێم، بیروڕایان جیاوازە بەپێی جیاوازیی شوێنی کاریان لەبارەی کاریگەرییەکانی قەیرانی ئابووری لە بواری (کۆمەڵایەتی، پەروەردەیی و تەندروستی)، چونکە تاکەکانی نموونەکە بەپێی جیاوازیی شوێنی کاریان جیاواز بوونە لە بڕی مووچە و بڕی مووچەی پاشەکەوتکراو، ئەمەش کاریگەریی هەبووە، لە دروستکردنی جیاوازی لە بارەی کاریگەرییەکانی قەیرانی ئابووری لە سەر ئاسایشی کۆمەڵایەتی.

٤. کاریگەرییەکانی قەیرانی ئابووری لەسەر ئاسایشی کۆمەڵایەتی لە ڕوانگەی فەرمانبەرانەوە، دەرئەنجامی ئەو دەرهاویشتە نەرێنییانەیە کە لە قەیران کەوتوونەتەوە، لە گۆڕینی جۆری ژیان و خۆشگوزەرانیی هاوڵاتییان و زیادکردنی گرفتە کۆمەڵایەتییەکان.

٥. لێکەوتە نەرێنییەکانی قەیرانی ئابووری لەسەر هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگا دەردەکەوێت، بەڵام لەسەر چینی فەرمانبەران زیاترە، چونکە زۆربەی فەرمانبەران سەرچاوەی بژێویی ژیان و داهاتیان پشت ئەستوورە بە مووچە، لە ماوەی قەیرانی ئابووریشدا مووچەی فەرمانبەران کەمکرایەوە و پاشەکەوتکرا، بەهۆی دارمانی سەرچاوە داراییەکانی حکومەتی هەرێم.

**تەوەرەی نۆیەم: پێشنیازەکان**

١. ئەنجامدانی توێژینەوە لە بارەی کۆڵەگە و هەڕەشەکانی سەر ئاسایشی کۆمەڵایەتی.

٢. ئەنجامدانی توێژینەوەی زیاتر لەمەڕ دەرهاویشتە نەرێنییەکانی قەیرانی ئابووری لەبواری دەروونی و سیاسی و ژینگەیی.

٣. ئەنجامدانی توێژینەوە لەبارەی پەیوەندیی خێزان بە ئاسایشی کۆمەڵایەتییەوە.

**تەوەرەی دەیەم: ڕاسپاردەکانی توێژینەوە**

١. سوودوەرگرتن لەو قەیرانە بۆ ئەنجامدانی چاکسازی دارایی و ئابووری و کۆکردنەوەی زانیاری و داتای ورد لە ڕێگەی سەنتەرەکانی توێژینەوە، لەمەڕ هۆکارەکانی ئەم قەیرانە بۆ ئەوەی جارێکی تر دووبارە نەبێتەوە. هەروەها سوودوەرگرتن لەم قەیرانە لە ڕووی کەمکردنەوەی ڕێژەی بەهەدەردانی داهات و کەمکردنەوەی بڕی خەرجی و تێچووەکان.

٢. گرنگیدانی زیاتری حکومەت، بە تۆرەکانی چاودێری و پاراستنی خێزان، بیمەی تەندروستی و کۆمەڵایەتی، بۆ پێشکەشکردنی هاوکاریی ماددی و مەعنەوی بۆ هاوڵاتییان، بەتایبەت خێزانە هەژارەکان لە پێناو ڕێگەگرتن لە زیادبوونی گرفتە کۆمەڵایەتییەکان.

٣. بووژاندنەوەی ژێرخانی ئابووریی کۆمەڵگا بە گرنیگیدانی زیاتری سێکتەرەکانی کشتوکاڵ و بازرگانی و پیشەسازی لەلایەن حکومەت و چالاککردنی کەرتی تایبەت، لە پێناو ڕەخساندنی هەلی کار و پڕۆژەکانی وەبەرهێنان.

## پەراوێزەکان

***** ئەنۆمی (اللامعیاریة)(Anomie):- گوزارشتە لە حاڵەتێک کە لەدەستدانی پێوەرەکان و دارمان بە ڕوونی دەردەکەوێت لە ماوەی گۆڕانی کۆمەڵایەتیی خێرادا (مارشال،2007: 212).

****** ئەم خشتەیە ئامادەکراوە لەلایەن توێژەر بە پشتبەستن بەو ئامار و داتایانەی کە وەرگیراوە لە بەشی کارگێری، دادگای هەولێر، لە ڕیکەوتی 2018/12/17.

******* ئەم خشتەیە ئامادەکراوە لەلایەن توێژەر بە پشتبەستن بەو داتایانەی کە وەرگیراوە لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی نەهێشتنی مادده هۆشبەرەکان، بەرپرسی بانقی زانیاریی نەهێشتنی مادده هۆشبەرەکان، ئاسایشی گشتی، هەولێر. لە ڕێکەوتی 2018/12/10.

******** ئەم خشتەیە ئامادەکراوە لەلایەن توێژەر بە پشتبەستن بەو داتایانەی کە وەرگیراوە لە بەشی ئامار، بەڕێوەبەرایەتی بەشی نەهێشتنی تاوان-هەولێر، لە ڕێکەوتی 20/ 2018/12.

********* کۆمەڵێک تاوانن کە لە خشتەی بەشی ئامار پۆلینکراون بە (هیتر) وەکو تاوانەکانی گومرگ، هەڵگرتن و بەکارهێنانی چەکی بێ مۆڵەت، کوشتنی ئاژەڵ و لێدانیان، لێخوڕینی ئۆتۆمبێل بەبێ مۆڵەت و بە سەرخۆشی، هاندانی ناکۆکی و فیتنە، سوکایەتیکردن بە قەبرستان و شاردنەوەی جەنازە و هتد.

********** ئەم خشتەیە ئامادەکراوە لەلایەن توێژەر بە پشتبەستن بەو داتایانەی کە وەرگیراوە لە ڕاپۆرتەکانی هەرێم، ڕاپۆرتی ساڵانەی ئامار، بەڕێوەبەرایەتیی گشتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان- وەزارەتی ناوخۆ- بۆ ساڵانی (2012-2017).

******* ڕاپــۆرتی کــار و چالاکییەکــانی وەزارەتــی پلانــدانان-(وەرزی دووەم-2016)، وەزارەتی پلاندانان-حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەرگیراوە لە ماڵپەری فەرمی وەزارەتی پلاندانان.

http://www.mop.gov.krd/index.jsp?sid=1&id=124&pid=84

هــیچ داتــا و ئامارێــک بەردەســت نیــیە لەلای دەســتەی ئامــاری هەولێــر و هەرێم، بۆ ڕێژەی هەژاری لەســەر ئاســتی پارێزگاکــان و هەروەهــا بــۆ ســاڵی ( 2016- 2017)لەسەر ئاستی هەرێم و شاری هەولێر.

******* داتاکـــانی ئەم خشـــتەیە وەرگیـــراوە لەم ســـەرچاوانەی خوارەوە:-

1- ڕاپۆرتەکــانی دەســتەی ئامــاری هەرێمــی کوردســتان، ســاڵی 2012 و2014،2016 ، بڵاوکراوەتەوە لە ماڵپەری فەرمی دەستەی ئامار.

http://www.krso.net/Default.aspx?page=list&c=latestpublication

2- ڕاپــۆرتی دەســتەی ئامــاری هەرێمــی کوردســتان، 2014-2018 بە نیشاندەر (2019) ، بڵاوکراوەتەوە لە ماڵپەری فەرمی دەستەی ئامار.

http://www.krso.net/Default.aspx?page=list&c=latestpublication

هــیچ داتــا و ئامارێــک بەردەســت نیــیە لەلای دەســتەی ئامــاری هەولێــر و هەرێم، بۆ ڕێژەی بێکاری لە ساڵی (2016).

******** ئەم خشتەیە ئامادەکراوە لەلایەن توێژەر بە پشتبەستن بەو داتایانەی کە وەرگیراوە لە هونەر صابر حمد، بەڕێوەبەری بەدواداچوون – بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پەروەردەی هەولێر. لە ڕێکەوتی 2018/9/9.

********* ئەم خشتەیە ئامادەکراوە لەلایەن توێژەر بە پشتبەستن بەو داتایانەی کە وەرگیراوە لە احمد، خالس قادر، بەڕێوەبەری گشتیی کارگێڕی و دارایی– وەزارەتی تەندروستی. لە ڕێکەوتی 2018/9/16.

********** ژمارە و ناوی پسپۆران:-

١. پ.د. صباح احمد النجار، کۆمەڵناسی، زانکۆی سەلاحەدین .

٢. پ.د. عمر ابراهیم عزیز، دەروونزانی، زانکۆی سەلاحەدین .

٣. پ.د. چاچان محمد، دەروونزانی، زانکۆی دهۆک .

٤. پ.ی .د.عبدالحمید علی سعید، کۆمەڵناسی، زانکۆی سەلاحەدین .

٥. پ.ی. د. سلیم بطرس الیاس، کۆمەڵناسی، زانکۆی سەلاحەدین .

٦. پ.ی.د. محمد حسین محمد شوانی، کۆمەڵناسی، زانکۆی سەلاحەدین .

٧. پ.ی.د. نجاة محمد فرج، کۆمەڵناسی، زانکۆی سلێمانی.

٨. پ.ی.د. میران محمد سالح، کۆمەڵناسی، زانکۆی سۆران.

٩. پ.ی.د. اسماعیل مصطفی عبدالرحمن، ئابووری، زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر .

*********** (87535) کۆی ژمارەی فەرمانبەرانی نموونەکەیە، لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:-

ژمـارەی فەرمـانبەرانی (وەزارەتـی پەروەردە، خوێنـدنی بـاڵا، ئەنجـوومەنی دادوەری) لە یەکەی کۆمپیوتەر، بەڕێوەبەرایەتیی گەنجینەی هەولێر وەرگیـراوە، لە ڕێکەوتی 29l4l2019.

ژمـارەی فەرمـانبەرانی (وەزارەتـی تەندروسـتی) لە بەرێـز (د. خـالس قـادر) بەڕێوەبەری گشتی کـارگێری و دارایـی لە وەزارەتـی تەندروسـتی وەرگیـراوە، لە ڕێکەوتی 16l9l2018.

ژمــارەی فەرمــانبەرانی (پەرلەمــان) لەبەشــی ژمێریــاری، ســەرۆکایەتیی پەرلەمان وەرگیراوە، لە ڕێکەوتی 2l5l2019.

ژمارەی فەرمانبەرانی (ئەنجوومەنی ئاسایش)، لە بەرێز (علی احمد) جێگری بەڕێوەبەری ئاسایشی سۆران وەرگیراوە لە ڕێکەوتی 15l4l2019.

************ بـۆ دیـاریکردنی ڕێــژەی فەرمــانبەران بـۆ هەر (٦) تـوێژەکە بەپێـی قەبـارەی گشـتیی کۆمەڵگـای تـوێژینەوەکە پشتدەبەسـتین بەو هاوکێشە ئامارییە :- (عیشور و آخرون، ٢٠١٧ :٢٣٧ ).

($N÷n×Ni=ni$). ni= ڕێژەی هەر توێژەک n = ژمارەی هەر توێژێک

Ni= قەبـارەی نمـوونەی دیـاریکراو N = کـۆی گشـتیی کۆمەڵگـای توێژینەوە.

**سەرچاوەکان (References)**

**یەکەم: سەرچاوە کوردییەکان**

- احمد، خالس قادر، بەڕێوەبەری گشتیی وەزارەتی تەندروستی، لە ڕێکەوتی 2018/9/16.

- الخلف، علي حسين و الشاوي، سلطان عبدالقادر (2009) *بنەما گشتییەکانی یاسای سزادان*، و: سعید، عبدالصمد محمد، هەولێر: چ1، چاپخانەی منارە.

- بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی نەهێشتنی مادده هۆشبەرەکان، بەرپرسی بانقی زانیاری نەهێشتنی مادده هۆشبەرەکان، ئاسایشی گشتی، هەولێر: لە ڕێکەوتی 2018/12/10.

- بەشی ژمێریاری، دیوانی سەرۆکایەتیی پەرلەمان، هەولێر: لە ڕێکەوتی 2019/5/2.

- بەشی ئامار، بەڕێوەبەرایەتیی بەشی نەهێشتنی تاوان-هەولێر، لە ڕێکەوتی 20/ 2018/12.

- حمد، هونەر صابر، بەڕێوەبەری بەدواداچوون-بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێر، لە ڕێکەوتی 2018/9/9.

- ڕاپۆرتی ساڵانەی ئامار (٢٠١٢-٢٠١٧) بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان- وەزارەتی ناوخۆ، حکومەتی هەرێمی کوردستان.

- زێباری، تاهیر حسۆ(٢٠١٨) *ڕێبازەکانی توێژینەوەی زانستی لە کۆمەڵناسیدا*، و: جبار، شەهلا وەلی، هەولێر: چ١، نوسینگەی تەفسیر.

- عبــدالرحمن، اســماعيل و موســى، حربــى محمــد (٢٠١٤) چەمکــە *بنەڕەتییــەکانی زانســتی ئــابووری*، و، علــی، فەیســەڵ، سـلێمانی: دەزگـای ڕۆشنبیری جمال عیرفان.

- بەشی کارگێری، دادگای هەولێر، لە ڕێکەوتی 2018/12/17.

- احمـد، علـی- جێگـری بەڕێـوەبەری ئاسایشـی سـۆران، لە ڕێکەوتـی15/ 2019/4.

- یەکەی کۆمپیــــوتەر، بەڕێـــــوەبەرایەتیی گەنجیـــــنەی هەولێـــــر، لە ڕێکەوتی2019/4/29.

**دووەم: سەرچاوە عەرەبییەکان**

- ابراهيم، عبدالرحيم (2007) *المتغيرات العالمية للمنظمات*، مؤسسات شباب الجامعية، بدون مكان الطبع.

- ابـو الرشــته، عطـاء بـن خليـل (1990) *الأزمـات الاقتصـادية واقعهـا و معالجاتها من وجهة نظر الأسلام*، عمان-الأردن: المركز الثقافي.

- بدوي، احمد زكي ( 1982) معجـم *مصطلحات العلوم الاجتماعيـة*، بيروت: مكتبة لبنان.

- البلتاجي، سارة (٢٠١٦) *الأمن الاجتمـاعي- الاقتصـادي و المواطنـة الناشـطة في المجتمع المصري*، بيروت: المركز العربي للابحاث و دراسة السياسات.

- البياتي، فراس عباس فاضل (٢٠١١) *الأمن البشري بين الحقيقة و الزيف- المجتمع العراقي نموذجا*، عمان: دار غيداء للنشر و التوزيع.

- حنونة ، جمال جلال (٢٠١٣) *تاثير الفقر على الأمن الاجتماعي للأسرة الفلسطينية* في *قطاع غزة*، سودان: رسالة ماجستر غير المنشورة، مقدمة الى كلية دراسات العليا- معهد التنمية و المجتمع، جامعة السودان للعلوم والتكنولوجيا.

- دويدري، رجاء وحيد (٢٠٠٠) *البحث العلمي: اساسياته النظرية وممارساته العلمية*، ديمشق: دار الفكر.

- الزواهرة، عمر عبدالله المبارك (٢٠٠٩) *اثر المتغيرات الاقتصادية على السلوك الجرمي في المجتمع الأردني من وجهة نظر العاملين في جهاز الأمن العام*، الأردن: اطروحة دكتورا غير منشورة، جامعة مؤتة-قسم علم الجريمة.

- الساري، سالم و زكريا، خضر (٢٠٠٤) مشكلات *اجتماعية راهنة*، دمشق: *الأ*هالي للطباعة و النشر.

- الشاذلي، فتوح عبداللة (٢٠٠٩) *اساسيات علم الاجرام والعقاب*، بيروت- لبنان: منشورات الحلبي الحقوقية.

- صالح، مصلح احمد (١٩٩٩) *قاموس المصطلحات العلوم الاجتماعية – الشامل*، الرياض: دار العالم للطباعة والنشر والتوزيع.

- صوان، فرج محمد (٢٠١٧) البحث العلمي-المفاهيم، الأفكار، الطرائق و العمليات، ط١، لبنان: ابن نديم للنشر و التوزيع.

- طالب، احسن مبارك (٢٠٠٩) *الأمن الشامل و الأمن الاجتماعي و تعاطي المخدرات*، الرياض: بحث مقدم الى الندوة العلمية بعنوان، المخدرات و الأمن الاجتماعي ،اكاديمية نايف العربية للعلوم *الأ*منية.

- العتيبي، محمد فهد (٢٠٠٦) *علاقة البطالة بالأمن الوطني السعودي رؤية المختصين للمشكلة واساليب علاجها*، رسالة ماجستير غير منشورة، مقدمة الى كلية دراسات العليا-قسم العلوم الشرطية-جامعة نايف العربية للعلوم الأمنية ، الرياض.

- عمر، معن خليل (٢٠٠٥) علم المشكلات الاجتماعية، عمان-الأردن: دار الشروق للنشر.

- العوجي، مصطفى و عبيد، حسن اسماعيل (1983) الأمن الاجتماعي مقوماتة و تقنياتة ارتباطة بالتربية المدينة. الرياض: المجلة العربية للدراسات الأمنية، المجلد1، العدد1.

- عيشور، نادية سعيد واخرون (٢٠١٧) منهجية البحث العلمي في العلوم الاجتماعية، الجزائير: مؤسسة حسين راس الجبل للنشر والتوزيع .

- القرني، منصور بن سعيد (٢٠٠٩) *تهديدات الأمن الاجتماعي المصاحبة للأساءة استخدام تقنيات الهاتف النقال*، اطروحة دكتورا غير منشورة، جامعة نايف العربية للعلوم *الأ*منية- قسم العلوم *الأ*جتماعية، الرياض.

- مارشال، جوردون (٢٠٠٧) *موسوعة علم الاجتماع*، ت: الجوهرى، محمد و اخرون، بدون مكان الطبع: ط١، المجلد الأول، المجلس الأعلى للثقافة المشروع القومي للترجمة .

- مجمع اللغة العربية (2004) *المعجم الوسيط*، ط4، مكتبة الشروق الدولية، مجلد1، باب امن .

### سێیەم: سەرچاوە بیانییەکان

–Coolican ،H (2014) *Research Methods and Statistics in Psychology* ،New York: Psychology Press.

-Editors of The American Heritage Dictionaries (1994) *The American Heritage Dictionary of the English Language*, Newyork: Houghton Mifflin, edition.3, volume.1.

-Maltby, john, Liz Day and Macaskill (2007) *personaliy, individual differences and intelligence*, England: Pearson Prentice Hall.

-Odekon, Mehmet (2006) *Encyclopedia of World Poverty*, London: SAGE Publications, Inc, edition1, volume 1.

-Oxford Dictionary (English-Arabic) (1984) Oxford University press, six impression, oxford, ingland.

-Saunders, Mark, Lewis, Philip ،&Thorn hill ،Adrian (2007) *Research methods for business students (4 Ed.), Edinburgh Gate* ، Harlow: Pearson Education Limited.

-Sekaran, Uma (2003) *Research methods for business: A skill-building approach (4 Ed.),* New York: john Wiley& Sons Inc.

### چوارەم: پەیج و ماڵپەرە ئەلیکترۆنییەکان

– ڕاپۆرتی ناوەندی هاوبەشی هەماهەنگیی قەیرانەکان (2016) *کۆمەکیی مرۆیی حکومەتی هەرێم بۆ ئاوارە و پەنابەران*، لە ماڵپەری فەرمی حکومەتی هەرێم وەرگیراوە. لە ڕێکەوتی 2017/7/23.

http://www.jcckrg.org/ku/reports/all/2016

- *ڕاپـۆرتی کـار و چالاکییەکـانی وەزارەتـی پلانـدانان- (وەرزی دووەم- 2016)* وەزارەتـی پلانـدانان- حکـومەتی هەرێمـی کوردسـتان، لەمـاڵپەڕی فەرمی وەزارەتی پلاندانان وەرگیراوە، لە ڕێکەوتی 15/ 2019/7.

http://www.mop.gov.krd/index.jsp?sid=1&id=124&pid=84

- ڕاپۆرتەکانی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردسـتان (2016،2014،2012) لە مـاڵپەری فەرمـی دەسـتەی ئامـار وەرگیـراوە، لە ڕێکەوتـی 20/ 7 / 2019.

http://www.krso.net/Default.aspx?page=list&c=latest publication

- ڕاپۆرتی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردسـتان، ٢٠١٤-٢٠١٨ بە نیشـاندەر (٢٠١٩) بڵاوکراوەتەوە لە ماڵپەری فەرمی دەستەی ئامـار. لە ڕێکەوتـی ٢٥ /٧/ ٢٠١٩.

http://www.krso.net/Default.aspx?page=list&c=latestpublication

- العمران، عامر (2016) *الأزمة الأقتصادية في كردستان العراق.. الـى ايـن؟* موقـع مركـز الـروابط للبحـوث و الدراسـات الأسـتراتيجية، منشـورة علـى الموقع الالكتروني التالي:- آخر زيارة 2019/8/15.

http://rawabetcenter.com/archives/22899

- اللحيـدان، حمـد بـن عبداللة (2010) أيـن المفـر مـن الأزمـات الاقتصـادية المتلاحقة؟ جريدة الرياض، منشـورة على الموقـع التـالي:- اخـر زيـارة 8/ 2017/3.

http://www.alriyadh.com/563894

- الصمادي، عدنان احمد (2010) *الأزمة المالية الراهنة: اسبابها وتداعياتها وعلاجها من وجهة نظر الأسلام*، بحث مقدم الى المؤتمر العلمي الدولي حول، الأزمة المالية والأقتصادية المعاصرة من منظور اقتصادي اسلامي، جامعة العلوم الأسلامية العالمية، عمان-الأردن: المعهد العالمي للفكر الاسلامي، منشورة على الموقع الكتروني التالي:- آخر زيارة 5/ 10/ 2016.

http://kt-b.com/?p=7627

- على، هيثم فيصل و محمد، سرمند جاسم (2016) *الأبعاد الاجتماعية و الثقافية لظاهرة الطلاق*، مجلة آداب الفراهيدي، جامعة تكريت، العدد26، موقع المجلات الأكاديمية العلمية العراقية برعاية دائرة البحث والتطوير- وزارة التعليم العالي و البحث العلمي العراقية. منشورة على الموقع الكتروني التالي:- آخر زيارة 2/ 7/2018.

https://www.iasj.net/iasj?func=issueTOC&isId=7113&uiLanguage

- الكعبي، ابراهيم محمد (2013) *العوامل الاجتماعية للعنف الأسرى في المجتمع القطرى*، ديمشق: مجلة جامعة ديمشق، المجلد 29، العدد 3+4. منشورة على الموقع الكتروني التالي:- آخر زيارة 2019/2/6.

http://www.damascusuniversity.edu.sy/mag/human/2010-02-14-13-5

- وزارة التخطيط (2018) *استراتجية التخفيف من الفقر في العراق 2018-2022*. منشورة على الموقع الكتروني التالي:- آخر زيارة 14/ 2018/9.

https://mop.gov.iq/static/uploads/1/pdf/1519282952f34fb083bd08b4bf218f8b3

**ملخص:**

**تداعيات الأزمة الاقتصادية على الأمن الاجتماعي- دراسة ميدانية في مدينة اربيل**

في هذا العصر، باتت الأزمة الاقتصادية ظاهرة عالمية، كخطر جدي على الاقتصاد العالمي و السوق المالية العالمية و المحلية، و تؤدى الى تدهور معدلات النمو الاقتصادى و ظهور المشاكل الاجتماعية. الأزمة الاقتصادية تعتبر تهديد على الأمن الاجتماعي، لأنها تؤدي الى عدم الاستقرار و تراجع الرفاهية، وهذه المكونان (الاسقرار و الرفاهية) مكونان اساسيان للأمن الاجتماعي.

هدفت هذه الدراسة الى تحديد التاثيرات السلبية للأزمة الاقتصادية على مجالات الأمن الاجتماعي. وتعتبر دراسة وصفية التحليلية اجريتها في مدينة اربيل عاصمة اقليم كردستان العراق، وحجم العينة يتكون من (٣٨٤) عينة من الموظفين الحكومين في المدينة، و نوع العينة هي عينة طبقية عشوائية.

وقد توصلت البحث الى جملة من النتائج من ابرزها: ان الأزمة الاقتصادية لها تاثيرات سلبية على الأمن الاجتماعي. من الناحية الاجتماعية، ادت الى زيادة المشاكل الاجتماعية في المجتمع مثل( الجريمة، والعنف، والطلاق، البطالة، و الفقر)، وهكذا ادت الى الضعف القيم والمعايير الاجتماعية. اضافة الى ذلك من الناحية التربوية، ادت الى ضعف نظام التربية و زيادة التسرب من الدراسة وعدم الاهتمام بالتعليم من قبل اعضاء التدريس و الطلاب. اما من الناحية الصحية، ادت الى قلة الادوية و الحاجات الصحية في المستشفيات. وفي نفس الوقت اصبحت الأزمة الاقتصادية خطرا على على الأمن البيئي والغذاء.

## ABSTRACT

**The Consequences of Economical Crisis on Social Security: It is a Socio-Experimental Study Conducted in Erbil City.**

In these period, economical crisis has become an international phenomenon, it resembles dangerous ailment faced international economy and also faced international and local financial market, this leads to recession of economical development and raised social problems. Economical crisis is regarded as one of the most dangerous threatening on social security because crisis will ruin stability and welfare of society which are the essences of social security.

The aim of this study is to determine the negative social consequences of economical crisis on the social security aspects (social, educational, health). This research is descriptive analysis used Social survey method. for the purpose of data collection, the population consists of (384) governmental employee in Erbil city. The sampling is random and at same time various statistical tools are used for collecting the data.

The results of the study show that economical crisis had negative impact on the social security aspects (social, educational, health). Socially, the consequences lead to incline the social problems such as, crime, violence, poverty, unemployment and divorce, as well as the social value declined. Moreover, educationally, it effects on the process of education and the relation between learners and teachers. Another bad impact is in the field of health; medical supply and increasing number of patients were seen daily. Finally, it influences on the food security and environment.